

# لە داوێنی ئاربەباوە

## ژمارە ۵

**ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە**

**سەرنووسەر:** ک. د. ئازاد

**کاناڵی تێلگرامی:** @Le_Daweni_Arbebawe

**خەزەڵوەری ۲۷۲۰**

| وتار | لاپەڕە |
|---|---|
| بانە. ئاودێر | ٢ |
| ئاراس جاف نووسەر و ڕۆژنامەنوسپی | ٤ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | ٨ |
| بۆکان: هاشم شێخ ئەحمەدی(بڕوا) | ١٤ |
| ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی" | ٢٣ |
| بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قوڕەیشی | ٢٥ |
| سەقز. لەتیف عەلەوی | ٢٨ |
| سەقز. حامید ڕەزایی | ٤٤ |
| سەردەشت. حەسەن ڕەوش (پارێزەر) | ٤٨ |
| نەجمەددینی فەتتاحی | ٥٣ |
| سنە. نەسرین کەریمی | ٥٤ |

| شێعر | لاپەڕە |
|---|---|
| مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی | ٧ |
| بانە. باوکی نیشتمان | ١٢ |
| بانە. ڕەنجەڕۆ | ١٣ |
| کرماشان. پەری نەجەفی | ١٦ |
| بانە. ئاودێر | ١٨ |
| هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | ١٩ |
| سەقز. فەریدە | ١٩ |
| بانە. زامدار | ٢٠ |
| بانە. بەهمەن قادری( دڵپڕ) | ٢٠ |
| سەقز. فەرانەک کەریم ئابادی | ٢١ |
| بانە. عەبدوڵڵا کەلی خان | ٢٢ |
| مەهاباد. جەعفەرمەعرووف(ژیار) | ٢٢ |
| بۆکان. ئاسۆ | ٢٦ |
| جوانڕۆ. هەوراز | ٢٧ |
| مەهاباد. موحیب مەهابادی | ٣٠ |
| سەقز. مریەم ـ یەتیمی | ٣٠ |
| بۆکان. سابیر ئیبراهیمی (خورۆش) | ٣١ |
| سەردەشت.بناوێ. خەمبار | ٣١ |
| سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی | ٣٤ |
| بانە. ک.د.ئازاد | ٣٤ |
| سەقز. عەتا ساڵح پوور | ٤١ |
| مەریوان. ڕانا | ٤١ |
| سنە، شیلان گەیلانی | ٤٢ |
| سەردەشت. محەممەد عەلیزادە (هێرش) | ٤٢ |
| مەریوان. عوسمان شێرزاد | ٤٣ |
| مەریوان. شوان کوردستانی | ٤٣ |
| سەقز. ماهپارە ئەمینی | ٥٠ |
| بانە. شەیدا ئەحمەدی | ٥٠ |
| کامیاران. پاڵنگان.لۆتفوڵلا فەتحی(هەورام) | ٥١ |
| مەریوان. ج.م.هەڵبەست | ٥١ |
| بۆکان. کاوە داشبەندی | ٥٢ |
| بۆکان. سەید یاسین قوڕەیشی | ٥٢ |
| سنە. ئێقباڵ بەرقی | ٥٧ |
| پیرانشار. م.ر.شاسوار | ٥٧ |
| سەقز. ژاکاو کەسنەزانی | ٥٨ |
| بانە . هەتاو | ٥٨ |
| بۆکان. سەیزادە خاقان(پۆڵا) | ٥٨ |

| چیرۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| مەهاباد. گەلاوێژ بەیگ نیا (خاتوونی خۆر) | ٣٢ |
| بانە. ک.د.ئازاد | ٣٥ |
| ڕەبەت. محەممەد نەسرووڵڵازادە | ٤٥ |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## وانەی چوارەم

**دوو پیتی دەنگداری « ( ـە، ە ) – ێ » ❋ دووپیتی دەنگداری ( ۆ ) ـ ( بزرۆکە)**

بانە. ئاودێر

### پیتی دەنگداری ( ـە – ە )

ئەم پیتە دەنگدارە پیتێکی گرنگە. لەگەڵێک زاراوە، ئامراز و واژەدا بەشدارە و لە وتەکانیشدا زۆر دووپاتە دەبێتەوە. ئەم پیتە بزوێنە دەنگێکی کورتی هەیە کە هەمان دەنگی سەر (فتحە) لە زمانی عەرەبی و فارسی دایە. هەرچەند لە شکڵدا لە پیتی « هـ »ی دواوەی ڕێنووسی عەرەبی و فارسی دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا « هـ » نییە و ناولێنانی بە « ئە » دروستترە. بە دوو شێوەی لکاو« ـە» و نەلکاو« ە » بە دوای پیتی بێدەنگ دادێت.

وەکوو لەم وشانەدا دەبیندرێ:

لەسەر، ئەشکەوت، مانگە شەو، لەبەر ئەوە، وەرە، ئێوە، ورە، ...

لە ڕێنووسی لاتیندا بەم شێوە ( E – e) دەنووسرێت.

پیتی دەنگداری« ێ »

ئەم پیتە دەنگدارە یەکێ لەو پیتە کێشیانەیە کە هەمان دەنگی ژێر ( کسرە ) لە زمانی عەرەبی و فارسیدا دەدات. نیگاری« ێ » هەرچەند لە رواڵەتدا وەکوو پیتی« ی» لە ڕێنووسی عەرەبی و فارسی دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا « ی » نییە و ناولێنانی بە « ئێ » ڕاسترە. لە ناوەند و کۆتایی وشەدا بە شێوەی پێوەنووسان و تەنیا دێت.

وەکوو لەم وشانەدا دەردەکەوێ: دێ، دەچێ، دەڵێ، هەڵێ، ژێر، دێراو، ...

لە ڕێنووسی لاتیندا بەم شێوە ( Ê – ê) دەنووسرێ.

* بە ڕێنووسی ئارامی و لاتین کار لە سەر ئەم دووپیتەبکە و چەند وشە بنووسەرەوە

## وانەی پێنجەم

**دوو پیتی دەنگداری" ۆ– بزرۆکە "**

**پیتی دەنگداری ( ۆ ) واوی کراوە**

ئەم پیتە دەنگدارە یەکێ لەو پیتە دەگمەنانەیە کە تەنیا لە ڕێنووسی کوردیدا دەوری پیت دەبینێت و هاودەنگە دەگەڵ بۆر (ضمە) لە زمانی عەرەبی و فارسیدا.

بۆ جوان دەرخستن و جیاکردنەوەی لە دەنگی واوەکانی تر نیشانەی « «7چەڵەمەی خراوەتە سەر کە تەواو جێی خۆی گرتووە و هیچ گیروگرفتێ لە نووسینیدا نییە. وەکوو لەم وشانەدا دەردەکەوێت: خۆش، هۆش، بۆتۆ، کۆڕ، کۆمەڵ، کۆمار، ....

لە ڕێنووسی لاتیندا بەم جۆرە ( (Oدەنووسرێت.

پێناسەی بزرۆکە ( کورتەبزوێن )

لە ڕێنووسی کوردیدا ئەگەر دوو پیتی بێدەنگ لە وشەیەکدا بکەونە لای یەکەوە، دەنگێک پەیدا دەبێ کە لە «کسرە»ی عەرەبی سووکترە و ئەو دوو پیتە بێدەنگە پێکەوە دەنووسێنێت و وتەکە بە ڕەوانی دەخوێنرێتەوە.

دوو پیتی بێدەنگ لە سەرەتای وشەدا لە سەداسەد بزرۆکە دەگرن.

دوو پیتی بێدەنگ لە ناوەندی وشەدا ئەگەر بکەونە بڕگەیەکەوە بزرۆکە دەگرن. بەڵام ئەگەر بە بڕگەی ئەم لاولایانەوە بنووسێن، بزرۆکە ناگرن.

یەک پیتی بێدەنگ لە ناوەندی وشەدا ئەگەر بە تەنیا بکەوێتە بڕگەیەکەوە بزرۆکە دەگرێت.

دوو پیتی بێدەنگ لە کۆتایی وشەدا ئەگەر بکەونە بڕگەیەکەوە بزرۆکە دەگرن.

وەکوو لە بڕگەکاری ئەم دوو ڕستەیەدا بەرچاو دەکەوێت:

– من بۆ کوردستان دەچم.

(م+بزرۆکە+ن)، (ب+ۆ)، (ک+و+ر)، (د+بزرۆکە+س)، (ت+ا+ن)، (د+ە)، (چ+بزرۆکە+م)

– نیشتمانی من بەهەشتی سەر زەوییە.

(ن+ی+ش)، (ت+بزرۆکە)، (م+ا )، (ن+ی)، (م+بزرۆکە+ن)، (ب+ە)، (هـ+ە+ش)، (ت+ی)، (س+ە+ر)، (ز+ە )، (و+ی)، (ی+ە )

کورتەبزوێن لە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە. بەڵام ڕێکخەرانی ئەلفوبێی لاتین لە سەر ئەو بڕوایە کە چونکە ئەو دەنگە دەوری جیاکردنەوەی«بڕگە» دەبینێت، پێویستی بە نیشانە هەیە و لە ئەلفوبێی عەرەبیشدا هەردەبێ نیگاری بۆ دابنرێت.

بە وردبوونەوە لە تایبەتمەندی دەنگی کورتەبزوێن بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دەنگە لە ڕووی بوون و نەبوونەوە دوو پلەی هەیە.

یەکەم: ئەوەیە کە لە هەندێ حاڵەتدا هەر دەبێ هەبێت. وەک لە وشەی (شێلم، گەنم، بەفر، کەسر، سەپک، ...) دا قورس کردنی دەنگەکانی (ل، ن، ف، س، پ) ناچارییە، تا بزوێنێک دێت و قورساییەکە هەڵدەگرێت.

دووهەم: ئەوەیە کە لە هەندێ باردا دەشێ قورسکردنەکە هەبێت و دەشێ نەشبێت. وەک لە وشەی (دەنک، مەرج، سەخت، کەشک، ...)دا دەشێ دەنگەکانی (ن، ر، خ، ش) قورس بکرێن و دەشێ نەشکرێن.

ئەم بزاوە لە ڕێنووسی لاتیندا ئەلفۆکێکی لاواز و کورتە باڵایە، بەم شێوەیە ( i )

کورتە بزوێن ( بزرۆکە ) یان ژێری گوشراو لە ڕێنووسی عەرەبیدا بە (کسرە مختلصە) یان (کسرە مقبوضە) ناسراوە.

* بۆ هەرپیتێک دە وشە بنووسەرەوە بە ڕێنووسی ئارامی و لاتین بۆ بزرۆکە بێژی بکە

جێی ئاماژەیە لە نووسینی وانەکان دا لە کتێبی مامۆستای پسپۆر و لێهاتوو هێرش بێتووشی بەشێوەی وانە گوتنەوە لە ڕێنووسەوە( بەشێوەیەکی نوێ) کەڵک وەرگیراوە (ئاودێر)



# حەمەڕەشیدخانی بانە

ئاراس جاف نووسەر و ڕۆژنامەنووس

حەمەرەشیدخانی بانە کوڕی قادرخان کوڕی عەبدوڵا بەگی نەنۆرە .
ئەم کەسایەتیە لە ساڵی ١٨٨٩لە گوندی شوێگوێزان سەر بە ناوچەی پێنجوێن لە دایک بووە .
دوهەمین کوڕی بنەماڵەکەی بووە . براێکی گەورەتر لە خۆێ ئەبێت بە ناوی ئەحمەد کە دەرسی دینی ئەخوێند لە تەمەنی ١٦ساڵی وە لە کاتی فەقێیەتیدا ، لە حوجرەی یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری بانە بە نەخۆشیێکی کوتوپڕ کۆچی دوایی ئەکات .
باوک و باپیری ململانەی حکومەتی قاجار و رەزاشایان کردوە. عەبدولابەگی باوەگەورەی بە شێوەێک زەخت و فشار بۆ حکومەتی قاجار دێنێت کە ناسرەدین شای قاجار ، بە نامەێکی رەسمی داوا لە سوڵتانی عوسمانی ئەکات کە یارمەتی عەبدولابەگی نەنۆر نەدات .
قادرخانی باوکی چەندین شەڕی دژی حکومەتی مەرکەزی ئێران کردوە وە بۆ ماوەێکی کورت شارەکانی بانە و مەریوانی گرتوە . وە هەروەها فەرماندەی هێزی بانە و پێنجوێن بووە لە شەڕ دژی ڕوسەکان .
حەمەڕەشیدخان لە چوار شورشی کوردستانی ڕۆژهەلات دا ڕۆڵی بینیوە .

- لە شۆرشی سمایل خانی سمکۆدا بووە.
- سمایل خانی سمکۆ لە سەرەتای شۆرشەکەی دا نامە بۆ هەموو سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان ئەنوسێت کە یارمەتی شۆرشەکەی بدەن . قادرخانی باوکی حەمەرەشیدخان یەکێک لەوانە ئەبێت کە تا کۆتایی شۆرشەکەی سمایل خان لە گەڵیدا ئەبێت .
- یارمەتیدەری شۆرشی مەحمودخانی دزڵی بووە .
- سەرکردەی شۆرشی خەڵکی بانە و سەقز ئەبێت لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی
- کۆماری مەهاباد

کاتێک قادرخانی باوکی حەمەڕەشیدخان کۆچی دوایی ئەکات ، ئەرتەشی ئێران بە دەرفەتی ئەزانێ وە بە لەشکرێکی دوهەزار نەفەریەوە هێرشی بۆ ئەبات .
خان لەو کاتەدا تەنها ١٧ کەسی لەگەڵ دا ئەبێت ، بەڵام بە کێشانی نەخشەێکی سەربازی لەم شەڕەدا توانی سەربکەوێت و دوژمنانی شکست بدات .
ئەم ١٧ نەفەرە ئەکات بە چەند دەستەێک ، شەوانە ئەچنە ناو لەشکری ئێران تەقە دەستپێ ئەکەن و دوایی خۆیان دەرباز ئەبن . ئەم لەشکرەیش تا بەیانی هەر تەقە ئەکەن و لە خۆیان ئەکوژن . دەمەو بەیانی کە فیشەکیان پێ نامێنێ و بریندار و کوژراوێکی زۆریان ئەبێت . خان بەو ١٧ نەفەرەوە هێرشیان بۆ ئەهێنێ و شکستیان ئەدات .

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

له ساڵی ١٩٤١ دا هێرشێکی گەوره بۆ سەر حکومەتی ئێران ساز ئەکات . شارەکانی بانه و سەقز و سەردەشت و مەریوان ئازاد ئەکات . ناکۆکی نێوان عەشایره کوردەکان ناهێڵێت هەمویان یەک ئەخات وه لەشکرێکی هەشت هەزار نەفەری پێک ئەهێنێت . ئامانجی سەرەکی حەمەرەشیدخان گرتنی شاری سنه ئەبێت .
ئەرتەشی ئێران که توانایی بەربەرەکانی نەما بوو داوای یارمەتی له دەوڵەتی بەریتانیا ئەکات .
فرۆکه جەنگیەکانی بەریتانیا له ناوچەی دیواندەره لەشکری کوردەکان بۆمباران ئەکەن .
بەداخەوه شاری سنه ئازاد نەکرا . بەڵام چەند شەڕی گەوره له نێوانیاندا ڕوویدا که لەوانه ، شەڕی تیلەکۆ . شەڕی حاجیەتاوا وه شەڕی ناو شاری سەقز بووه .
آیت الله مەردوخ ڕۆڵی سەرەکی بووه له شکستی شۆرشەکەی خاندا . هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی تیلەکۆ و سنه رازی ئەکات که یارمەتی شۆرشی حەمەرەشیدخان نەدەن و پشتیوانی ئەرتەشی ئیران بن له حاڵێکدا پێشتر بەڵێنیان به خاندا بوو .
به پێی بیرەوەریەکانی سەرلەشکر مەحمود ئەمین ، آیت الله مەردوخ خۆی له لەشکرەکەیدا ئەبێت و یارمەتییکی زۆریان ئەدات .

خان دو کەڕەت هەوڵی دا که شاری سنه بگرێت بەڵام به داخەوه سەرکەوتوو نەبوو .
داوای یارمەتی له ڕوس و بەریتانیا ئەکات هیچیان وڵامی نادەنەوه . تەنانەت بەریتانیا دژایەتیشی ئەکات .
دوای سێ ساڵ شەڕ شکست ئەخوا وه حکومەتی عێراق دەست به سەری ئەکات .
کاتێک له بەندیخانەی شاری سلێمانی نامەی قازی محەمەدی بۆ دێ که داوای یارمەتی لێ ئەکات . به هاوکاری حزبی هیوا و شێخ لەتیفی حفید له بەندیخانه ڕا ئەکات و به لەشکرێکی ٣٠٠ نەفەریەوه ئەچێت بۆ کۆماری مەهاباد .
زۆربەی شەڕەکانی کۆماری مەهاباد فەرماندەکەی گشتی حەمەڕەشیدخان ئەبێت . به هۆی ئەزمون و تواناییک که ئەیبێت پلەی ژنراڵی پێ ئەدرێت .
خان پێشنیار به قازی محەمەد ئەکات که ئیجازەیان بدات که شارەکانی سەقز و بانه بگرن وه دواتر بەرەو سنه بچن . ئەگەر چی پێشەواش ئەم پێشنیارەی پێ خۆش ئەبێ بەڵام له بەر نارەزایەتی دەوڵەتی ڕوس ئیجازه یان پێ نادات .
ئەمه ئەبێته ناکۆکی نێوان خان و پێشەوا .
له لایکی دیکەشەوه پێشەوا که ئەزانێ ڕوس پشتی پێ نابەسترێ ، گفتوگۆ له گەڵ تاران دا دەست پێ ئەکات . که خان بەمەش نارازی ئەبێت .
ئەم دو هۆکاره وه جیاوازی بیروبۆچون له نێوان پێشەوا و خان دا ، حەمەرەشیدخانی ناچار کرد که ئیستقالەی خۆی بنوسێ و له کۆمار خواحافیزی بکات .
خان دۆستایەتی له گەڵ شێخ مەحمودی نەمر و سمایل خانی سمکۆ و مەحمود خانی دزڵی و مەلا مستەفای بارزانی دا بووه .
دەوڵەتی بەریتانیا ٢١ ساڵ حەمەڕەشیدخانی نەفی(تەبعید) کرد .
له ساڵی ١٩٧٤ له تەمەنی ٨٥ ساڵیدا لەگوندی دارۆخان سەر به ناوچەی پێنجوێن کۆچی دوایی ئەکات .

له گه‌ڵ ڕێز بۆ بنه‌ماڵه‌ی حه‌مه‌ڕه‌شیدخانی بانه به تایبه‌تی مامۆستا ئه‌رده‌ڵانی قادرخانزاده كه هاوكاری كردین و وێنه‌كان و به‌سه‌رهاته‌كانی بۆ ناردین ( سه‌رنووسه‌ری گۆڤاری له داوێنی ئاربه‌با: ک.د.ئازاد)

## چه‌ند وێنه‌ی مێژوویی له حه‌مه‌ڕه‌شیدخانی بانه وكه‌سایه‌تیه‌كانی ئه‌و سه‌ردمه



له ڕاسته‌وه:
١ـ ڕۆژنامه‌وانێكی به‌ریتانی
٢ ـ حه‌مه‌ره‌شیدخانی بانه
٣ ـ ماجد مسته‌فا
متصرف(پارێزگار) ی موسڵ
١٩٣٢ كاتی ته‌بعید له شاری موسڵ



حه‌مه‌ڕه‌شیدخانی بانه و مه‌لا مسته‌فا بارزانی



حه‌مه‌ره‌شید خان و قازی ره‌حیمی دارۆخان كه جێگه‌داری خان و قازی شه‌رعی ئه‌بێت له بانه



ئه‌میر عبدالله‌خانی ته‌هماسبی فه‌رمانده‌ی گشتی ئه‌رته‌شی ئێران كه بۆ گفتوگۆ هاتبوو بۆ بانه بۆ لای حه‌مه‌ره‌شیدخان. (ئه‌م وێنه به هه‌ڵه بڵاو بۆته‌وه كه گوایه سمایل خانی سمكۆیه).
ئه‌م وێنه‌یه له ئاوایی چیچۆرانی بانه گیراوه



ئه‌میر عبدالله‌خانی ته‌هماسبی به جل و به‌رگی كوردی له نێوان چه‌كدارانی حه‌مه‌ڕه‌شیدخان‌دا



حه‌مه‌ره‌شیدخان كاتێک هه‌واڵی شه‌هیدكردنی پێشه‌وا ئه‌بیستێت له كاتێک‌دا له شاری رمادی له عێراق نه‌فی(ته‌بعید) ئه‌بێت ئه‌م وێنه‌یه‌ی لێ ئه‌گرن



# چەکی پێنووس

مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

ئەی خودا چەند دڵبەژانم مەرهەمی ژانم دەوێ
شاهەڵۆی دڵ هاتە سەر سوێ هێزی هەستانم دەوێ

ئاگرێ بەربۆتە ناخم ڕوو بە ئاسۆی سەر بەتەم
شاتەواری دوورەلانم زێدی هەرمانم دەوێ

تێل دڕووی ئەو چوار سنوورە بۆتە شێرپەنجەی لەشم
خوێنی دڵ دەڕژێ لەناخم مەرگی شەیتانم دەوێ

سەر لە پێناو گەل دەنێم بۆ بەرژەوەندی مەوتەنم
من وڵاتی ئاوەدان و دوورە زیندانم دەوێ

ئەی خودا بڕژێنە ڕەحمەت وا بەسەر هێلانەکەم
من کەسەرداری خەمانم جانی جانانم دەوێ

ساڵەهایە بەند و دیلی چوار دەهاکی ئەو سەدەم
بەسیە دیلی تابەکەی تۆزقاڵێ ئامانم دەوێ

تا بە کۆمەڵ ڕانەبن لاوانی پڕ شۆری وەتەن
بەرژەوەندی نیشتمان و تەفری شاهانم دەوێ

دەی وەرن باپێکەوە پەیمان و مەرج نوێ کەینەوە
تا بە ئاسۆ من چەکی پێنووس و ویژدانم دەوێ

هەر دەزانم ئارەزووی شاهۆ وەدی دێ عاقیبەت
هەر بڵێ من خوێندن و یەکڕەنگی یارانم دەوێ

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# ئاریشەی هەڵە و لاسایی لە گۆرانیی کوردیدا

## (بەشی یەکەم)

بۆکان . ئەمین گەردیگلانی

یەکەم هونەر کە مرۆڤ هەستی پێکردووە و لە ناخ و هەستی خۆیدا دۆزیویەتەوە و ڕۆحی خۆی و دەوروبەرییەکانی پێ ئارام کردۆتەوە دەنگخۆشی و هونەری دەنگبێژییە. مرۆڤ کاتێک گوێی لە دەنگی ئاژەڵ و پەلەوەرکان بووە و هەستی بە چێژێکی دەروونی و لاواندنەوەی ڕۆحی خۆی کردووە، پەنای بۆ دەنگی خۆی بردووە و بە دەربڕینی هەستی ناوەکیی خۆی و جووڵاندنەوەی تاری سەوتیی گەرووی ئاوازی تایبەتی دەربڕیوە و دەروونی خۆی پێ هێور کردۆتەوە. ڕەنگە هەر ئەم لەراندنەوەی دەنگ و ئاوازە تایبەتەی گەرووی مرۆڤ، لە درێژخایەندا وای کردبێ مرۆڤ پەنا بۆ هۆنینەوەی وشەکان بە شێوەی ڕیتمی و کێشدار بەرێت و هەستی خۆی پێ دەربڕیبێ. کەوایە دەتوانین بڵێین دایکی شیعر، ئاوازە و ئەگەر لە سەرەتا دا ئاواز و لەرینەوەی دەنگ لە لای مرۆڤ نەدۆزرایەتەوە شیعریش نەدەدۆزرایەوە. کاتێک ئەم هونەرە بەرزە بۆتە بەشێک لە ویست و چێژە دەروونییەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگاش بەبێ مۆسیقا ویشک و بێ نەشە و سارد و سڕە، گۆرانیش بە بێ شیعر مانای نییە و هەتا شیعر و ئاواز پێکەوە ئاوێتە نەبن و دەستەملانی یەکتر نەبن، دیارە مەلی گۆرانیش ناتوانێ بە یەک باڵ بفڕی و لە نێو گوڵجاڕی دڵەکان و لە سەر چڵەپۆپەی هەستەکان بنشێتەوە و ئۆخژن و چێژی دەروونی بە ڕۆح و گیان ببەخشێ. هەر ئەوەش وای کرد مرۆڤ لە سەر دەنگ و گۆرانی چڕبێتەوە و دەزگا مۆسیقاییەکان بدۆزێتەوە و ئامێزی مۆسیقایی دروست بکات. دیارە مۆسیقا دڵ بلاوێنە و هەستێکی سەیر بە دەروون دەبەخشێ کە نازانی چییە و کاتێک گوێت لە گۆرانییەکی خۆش دەبێ پێستی لەشت میروولە دەکات و مووی لەشت قرژ دەبێتەوە. دیارە بیستنی پارچە مۆسیقایەکی بەبێ کەلامیش جاری وایە ئەو هەستەت پێدەبەخشێ، بەڵام بە قەد گۆرانییە خۆشەکە کاریگەریی لە سەر هەست و ئەندامەکانی لەش نییە. کەوایە هەست بزوێنترین و چێژبەخشترین بەشی هەر گۆرانییەک شیعرەکەیەتی. ئێستا تۆزێ بگەڕێوە سەر یادەوەرییەکانی خۆت و بیر لەو گۆرانییانە بکەوە کە لەبەرت کردوون یا وەک خۆشترین گۆرانی حەز دەکەی بەردەوام گوێی لێ بگری. لێرە دایە بۆت دەردەکەوێ شیعری گۆرانییەکە، ڕۆحی گۆرانییەکەیە و هەر ئەویش بۆتە هۆی ئەوەی ئاوازەکە خۆش و هەست بزوین بێ و لەبەری بکەی. دوای ئەم پێشەکییە کورتە دەمەوێ گۆرانیبێژەکان بکەمە بەر دەنگی خۆم و ڕووی دەمم لە ئەوان بێت و دەردەدڵەکانی خۆم دەربڕم.

بە داخەوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خوێندنەوە کەمە و ئەو پەتایە گۆرانیبێژەکانیشی گرتۆتەوە. گۆرانیبێژ دەبێ شیعر ناس بێت و ڕۆژانە بەردەوام شیعر بخوێنێتەوە و ماڵەکەی کتێبخانەیەک بێ لە دیوانە شیعرەکان. چونکە گۆرانیبێژ کاتێک شیعرێک دەخوێنێتەوە و کاریگەریی لە سەر ڕۆح و هەستی دەبێ دەتوانێ ئاوازی بۆ دانێ یان بیدات بە ئاوازدانەرێک ئاوازی بۆ دابنێ. چونکە ئەو گۆرانییە کاتێک نەمر و هەرمانە کە گۆرانیبێژ بە ڕۆح و گیان لە شیعرەکە تێگەیشتبێ و پێی وابێ خۆی ئەو شیعرەی هۆنیوەتەوە. دیارە پەتای نەخوێندنەوە گۆرانیبێژەکانی داگرتووە بۆیە گۆرانیبێژە خوێندەوارەکان گۆرانییەکانیان پڕە لە هەڵە و پەڵە و جاری وایە وشەی هێندە بێ مانا لە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

دەمیان دەردەپەڕێ خۆشیان نازانن یانی چی. گۆرانیبێژانی قەدیم نەخوێندەوار بوون بەڵام بە شێوەی سروشتی لە زمان و وشەکان تێدەگەیشتن و هەتا لە مانای وشەیەک تێنەگەیشتنایە بە کاریان نەدەهێنا. چونکە ئەوان خۆیان لە هەمبەر زمان و هونەری گەلەکەیاندا بە بەرپرس دەزانی و عەیبێکی گەورەش بوو وشەیەک بە هەڵە لە دەمیان بێتەدەرێ، هەر ئەوەش وای کردبوو هونەرمەندێکی دەروەست و ڕاستەقینە بن.

بۆ وێنە حەسەن زیرەک نەخوێندەوار بوو بەڵام هەڵەیەکی ئەوتۆ لە گۆرانییەکانیدا نییە کە مانای شێعرەکەی سەقەت کردبێ، یان وشەیەکی نامۆ و بێ مانا بەکاربێنێ. کاتێک شێعری شاعیرێکیش دەکا بە گۆرانی، لەگەڵ ئەوەی جاری وایە پاش و پێش بە وشەکان دەکات یان وشەیەکی تر لە نێو شێعرەکەدا دەگونجێنێت، وشەکە بێ مانا و ڕەق و زەق نییە و کێش و مانای شێعرەکەش ناشێوێنێت. بەڵام گورانیبێژەکانی ئەمڕۆ کە هەموویان خوێندەوارییان هەیە و ئەگەر دەرچووی زانکۆش نەبن لانیکەم قوتابخانەی دواناوەندییان تەواو کردووە و پۆز و دەمارەکەشیان سەد تەیارە نایتوانێ؛ گۆرانییەکانیشیان بە دەگمەن هەڵدەکەوێ هەڵەی تێدا نەبێ. یان شێعرێکی وا بۆ گۆرانییەکەیان هەڵدەبژێرن بە هیچ کلۆجێ لەگەڵ ئاوازەکە سازگارییان نییە و دووپۆییەکی زۆریان پێوە دیارە.

گۆرانیبێژ هەیە شێعری «سازی ناساز»ی «هێمن» بە هەوای «سۆیبە باڵابەرز» دەڵێ.

سازی ناسازی هەڵپەسێراوم
چڵە ڕێحانەی دوورە دێراوم
دەفتەری شێعری شاعیری ڕووتم
شەمی سەر گۆڕ و داری تابووتم

ئەم شێعرە بۆ ئاوازێکی نەرم و خەماوی دەبێت نەک هەوایەکی وەک سۆیبە باڵابەرز و شایی پێ بگێڕن.

سازی ناسازی هەڵپەسێراوم
چڵە ڕێحانەی دوورە دێراوم
سویبە باڵا بەرز هەست بەیانە
دەم لەناوی دەم دەستەولەملانە

یان شێعری «لە سەرەمەرگی هیوا دا»ی «گۆران» کاک «بێهرووز تەوەکولی» بە هەوای «ئەی وەی زارا گیان» تۆماری کردووە.

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم
ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم

ئەو شێعرە خەماوییە کە کوڵوکۆی دڵی گۆرانە کاتێک هیوای کوڕی لە کاتی گیانکەنشتدا بووە و لە سەرە مەرگی کوڕە تاقانەکەیدا نووسیویەتی و هیچ کەس ناتوانێ بیخوێنێتەوە و فرمێسک هەڵنەوەرێنیت کەچی ئەو بەڕێزە کردوویەتە هەوای بەزمی و بەڕاستی غەدرێکی گەورە لە شیعرەکە و شاعیرەکەی کراوە.

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم، ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا
ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم، ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا

گۆرانیبێژ چونکە کاری گۆرانی گوتنە و گۆرانیش ڕیتم و کێش و مۆسیقایە، دەبێ زۆر باش شێعر بناسێ و بزانێ ناوەرۆکی ئەو شێعرەی دەیکاتە گۆرانی بۆ چ ئاوازێک گونجاو و سازگارە.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ئەگەر باسی ناسازگاریی شێعر و ئاواز بکەم دەیان نموونەی دیکە هەیە بیخەمە ڕوو بەڵام نامەوێ بابەتەکە زۆر درێژ ببێتەوە و مەبەستی من لە نووسینی ئەم ڕەخنەیە زیاتر ئاوڕدانەوەیە لە هەڵەی وشەیی و ڕێزمانی لە گۆرانییەکاندا.

هونەرمەند برایم فەتاحی پیاوێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام هونەر و جوانی و ڕەسەنایەتی لە گۆرانییەکانی دەبارێت و تا ئەمڕۆ هیچ کەس نەیتوانیوە لاسایی بکاتەوە. گۆرانییەکی هەیە بە ناوی «مریەمێ چەندە جوانی» لە کۆپلەیەکی ئەو گۆرانییەدا دەڵێ:

مریەمێ چەندە جوانی، چەند بەناز و عینوانی

هەردەڵێی پابێدەیە، دێتەوە لە ڕێی کانی

پابێدە ناوی ماشێنێکی قەدیمی ڕووسی بوو لە شێوەی دۆج کە سەردەمی خۆی زۆر گرینگ بووە. حەسەن زیرەکیش لە گۆرانییەکدا دەڵێ:

زاوا لە بووکێ مەدە تۆخودا لە بووکێ مەدە

ئەگەر لە بووکێ بدەی تێکدەچێ دەسرە و شەدە

دەنا دێبەم و دەڕۆم یەکسەر دەچمە نەغەدە

لە بەر دەرکیان ڕاگرتووە جیمس و جیب و پابێدە

بەڵام گۆرانیبێژ مکاییل کاتێک دێ ئەو گۆرانییەی برایم فەتاحی دەڵێتەوە "پابێدە" دەکاتە "پابادە" کە دڵنیام نازانێ یانی چی و پابادەش هیچ مانایەکی نییە. بە هۆی دەمار زلییەوە پرسیاریشی لە کەسێک نەکردووە بۆ ئەوەی لە مانای وشەی پابێدەی تێی بگەیێنێ.

شیعری (ئەم پەرچەم و ئەگریجە..) کە شێعری «سافی هیرانی»یە و مامۆستا عەلی مەردان چڕیویەتی، کاتێک هێمن حسێن دەیڵێتەوە ئەو شیعرە وەها سەقەت دەکات پیاو بەزەیی بە شاعیرەکەیدا دێ کە ئەو غەدرە گەورەیەی لێدەکرێت و کەسێکی بێ موبالات و نادەروەست ئەو بەڵایە بەسەر جگەرگۆشەکەی دێنێ. شێعرەکە ئاوا دەست پێئەکات:

ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینە

ئەو زولف و ڕوخەت ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە

............................

ئەشقت لە دڵم سابیتە نەک عاریزە قوربان

وەک توڕڕەیی شاهان کە لە سەر ڕوویی نگینە

کاک هێمن حسێن زۆر نابەرپرسانە ـ کە ئەوەش بێ موتالایی و تێنەگەیشتن لە شێعر دەگەیێنێ ـ وەها ئەو شێعرە خەوشدار دەکات مەگین هەر خۆی بزانێ چۆن توانیویەتی بەو شێوەیە لێی حاڵی بێت؟! ئاوا دەڵێ:

ئەشقت لە دڵم سابیتە نەک عارزە قوربان

وەک دوڕڕەیی شاهان کە لە سەر لێوی نەجیمە

بەر لە هەموو شتێک ئەگەر کاک هێمن ڕێژەیەک خوێندەواریی لە بواری شێعردا بووبوایە دەبوو لانیکەم سەروا (قافیە) بناسێت. قافیەی ئەو شێعرە دینە و زەمینە و نگینە و... کەچی ئەو بەڕێزە دیکاتە نەجیمە؛ بەوەشەوە

ناوەستێ و سووکایەتییەکی گەورەش بە یارەکەی خۆی دەکات کە ڕەنگە ناوی یارەکەی نەجیمە بێت و ویستبێتی تێکەڵ گۆرانییەکەی بکات. دووڕە هەموو کەس دەزانێ بە ئاژەڵی دوو ڕەگەز دەگوترێ و زیاتریش بۆ سەگ لە کاری دەکەن کە ئاژەڵەکە لە ڕەگەزی سەگ و تاژی یان گورگ و سەگ بێت! نازانم کاک هێمن چۆن دوڕڕەی شاهان یانی «سەگ ـ گورگ» دەبات لە سەر لێوی نەجیمی بەستەزمانی دادەنێت!!

گورانییە بەناوبانگەکەی برایم خەیات «ئێمە گیانێکین لە دوو جەستە دا» کە جوانترین و خۆشترین گۆرانییە و هیچ کەس ناتوانێ بەو سۆزە نەرم و لاوێنەرەی ئەو بیچڕێ، کاتێک تاهیر خەلیلی لاسایی دەکاتەوە زۆر ناشارەزایانە قافیە دەشێوێنێت و وەک ئەوە وایە جادە قیرتاوێکی ڕاست و ڕێکت لە بەر دەمدا بێت و بە ئانقەست لێی لادەی و بە جادە خاکییەکی پڕ کەندولەند دا تێپەڕی:

ئێمە پەروەردەی یەک خۆڵ و ئاوین
بۆ یەک مەبەست و بۆ یەک پێناوین

بێ ئەوەی بیر لە جوانکاری و قافیەی شێعرەکە بکاتەوە ئاوای لێدەکات:

ئێمە پەروەردەی یەک ئاو و خۆڵین
بۆ یەک مەبەست و بۆ یەک پێناوین

زاهیر جەلال شێعرێکی سەعید نەجاری «ئاسۆ»ی کردۆتە گۆرانی کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

هێند دڵم تەنگە دەڵێم بەم شەوە لەم شارە بڕۆم
لە وڵاتێ کە جەفا حاکم و سالارە بڕۆم
..........................................
بۆ دەبێ هەستی ئەوین ژێر دەسی پارە و پلە بێ؟
شەرتە لەو شوێنە کە بولبول قەفەسی خارە بڕۆم

لەو شێعرەدا وشەی شارە و سالارە و دارە و ژارە و خارە و... کراونەتە سەروا و دیارە لە شێعری کلاسیکدا کێش و سەروا «وزن و قافیە» زۆر گرینگە و تێکدانی بە هیچ شێوەیەک ناکرێ و گۆڕینی سەروا شێعرەکە خەوشدار دەکات. خار لەو شێعرەدا بە مانای دڕک و چقڵە کەچی کاک زاهیر بە ئارەزووی خۆی دەیگۆڕێ و وشەی «تەنگ»ی لە جێ دادەنێ:

بۆ دەبێ هەستی ئەوین ژێر دەسی پارە و پلە بێ؟
شەرتە لەو شوێنە کە بولبول قەفەسی تەنگە بڕۆم.

ئەوەیە کە دەڵێم گۆرانیبێژ دەبێ شێعر بناسێ؛ کاک زاهیر ئەگەر لە شێعر شارەزا بووایە ئەو غەدرەی لێ نەدەکرد؛ چونکە ئەگەر کەسێک دیوانی گەزیزەی ئاسۆی دەست نەکەوێت و بە دەنگی کاک زاهیر گوێی لێ بێ، ڕەنگە ئاسۆ بە ناشارەزای شێعر بزانێ و پێی وابێ قافیە ناناسێت؛ لەکاتێکدا ئاسۆ جگە لەوەی شاعیرێکی زۆر بەتوانایە، مامۆستای وێژە و ئەدەبی زانکۆشە.

............................................................درێژەی هەیە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## بۆ مناڵە چاو گەشەکانی کوردستان

بانە. باوکی نیشتمان

### مەڕی کێوی

مەڕی کێوی لە شاخی
ماشەڵڵا بەدەماخی

لە هەردو بەردەڵانی
چەندە لەبەردڵانی

شاخەوانی لێهاتوو
خەریکی بەهاتو چوو

لە هەر شوێنێ داگیرسێی
لە هیچ شتێک ناترسێی

بەبێ خەمی مەترسیت
ئەگەر لە من ئەپرسیت

هەمیشە ئاگادار بە
هۆشیاری گورگی‌هار بە

وریا بە لەو خوێنخۆرە
خۆ تۆیش توانایيت زۆرە

بەهێزی شاخو سەرت
بەهۆشی دەورو بەرت

ئەو بەدناوە ڕاوبنێ
سەر لەنوێ هەنگاو بنێ

بەرەو گەشبینی ژیان
ئەی مەڕەکێوی گیان!

### حاجی‌لەقلەق

پێم بڵێ  حاجی‌لەقلەق
چی دەڵێی بە تەقە تەق

لاقت باریکو درێژە
خواردنیشت بە چێژە

نێچیرت لە سەد جۆرە
لەم کوردستانە زۆرە

دایم چاوەچاو دەکەی
بۆق و ماسی ڕاودەکەی

دێیتو دەچی لەو ناوە
لەو ڕووبارو گۆێ‌ئاوە

مار ئەگری بەپەلامار
ئەفڕی ئەچیتە سەر دار

ئەیبەیتەوە  هێلانە
بۆو جووجوڵە چکۆلانە

هەوا خۆش کا لێرەکەی
کە سەرما هات بار ئەکەی

ئەفڕی بۆ لای باشووری
جێمان دێڵی، مەجبووری

ساڵێکی تر دێیەوە
وەک بەهار دەژێیەوە

### مراوی

چی ئەتبینم مراوی
هەمیشە لە ناو ئاوی

مەلەوانی چی گۆمی
لە ناو ڕووبارو چۆمی

هەڵیش ئەفڕی بەباڵت
خۆزگەم بەدڵی خۆشحاڵت

بۆ کوێ پێت خۆش بێ ئەڕۆیت
لەچی پێت‌خۆش بێ ئەخۆیت

شەقەی باڵت لەناو ئاو
ئاو ئەپڕژێنێ تاوتاو

بەخوێندنی جارو بار
بزەم ئەخەیتە سەرزار



بانە . ڕەنجەڕۆ

نازدارەکەم
لە بەلەمی خۆشەویستی دا
کیبرکێی من و مانگ بوو
ئەو دڵی ئەدا بە زەریا و
تریفەی لە ملی شەپۆل هاڵاندەبوو
لە سەر کورسی «با»ش دانیشتەبوو
تەسبیحی بە ئستێرە دەکرد
منی شەیدا لەشێت
زۆر بە نەرمی
پرچی خاوتم لە ملی مانگ هاڵاند و
بە سەرسامی نوقمی ئامێزی
زەریام کرد
لەو کاتەوە
تۆ بوویتە مانگ و
من زەریایەکی بەختەوەر

## دیمەنێک

نەورۆز بوو
لە سەرووی قەدپاڵی
کێوێکی دەم بە بزەی بەهاریەوە
قاسپەی کەو، گوێچکەی هەموو
حەشارەکانی کەڕ دەکرد
بۆ خۆشەویستی
لەم پانتای ئەوینە دا
گوڵ، بولبولی نەغمەخوێنی لابوو
شەم ئامێزی عەشق و
ئەوینی بۆ پەپولەی
باڵزێڕین کردبۆوە
کانی بۆ پژانی سەرچاوەی
چاوەڕێی بارانی دەکرد
ئەو کاتەی شوان بە نەغمەی نەی
بێری دەلاواندەوە
حەپەی سەگ و لورەی گورگ
چ دیمەنێکە لەو قەدپاڵە
نەخەونەو نە خەیاڵ
ئەمێستاکە دەبینم
گوڵ و بولبول
شەم و پەروانە
کانی و باران
شوان و بێری
چۆن بونە ئاوێنەی ئەو دیمەنە



# بەرخ

## (پێشکەش بەهەڤاڵ و مامۆستام: سەعید نەجاڕی"ئاسۆ")

بۆکان: هاشم شێخ ئەحمەدی(بڕوا)

هەر لە منداڵییەوە لەگەنەکەوڵە دەترسام، هەڵبەت بەدەست خۆم نەبوو، لە کاتی ژیانی منداڵیم نێو ماڵێکمان بو تەڕەشۆبو، ژێر پێخەف و باڵنجەکەم هەموو بەیانیەک دوسێ دەنکی گەنەکەوڵە لێ بوو، کەکاتی خەوتن و تلانەوەم پان و فلێچم کردبونەوە، بوونی گەنەکەوڵە بەگشتی وای کرد کە هەرکات میوانمان دەهات و من ئامۆژگاری دایکم و خوشکەکانم بۆ ئاقڵ بوون و ئارام دانیشتن لە بیردەکرد هەر زوو کاکم بانگی دەکردمە ئەو لاوەو گەنەکەوڵەیەکی دەگرت دەینا بە ملیوانی کراسەکەمەوە و بەڵێنی لێ وەردەگرتم ئەگەر دانەنیشم دوایی بم خاتە هەیوان و سەر تەنوور،لەنیوگەنەکەوڵەدا زیندانم کات، وام لێ هاتبوو لەخەونیشدا لە کەرەجنە دەترسام.

گەورە بووم لەسەربازی و زانکووش بە گەنەکەوڵە هەستیار و عاجز بووم، ژیانی هاوبەشیم پێک هێنا، لە ماڵێک بوومە کرێچی، لە بەختی رەشی من ئاودەست و سەرشوورەکە ژووری نوستنیشی تەڕەشۆ کردبوو، ئەویش گەنەکەوڵەی بوو، شەوێک خیزانم بەسەردان چوەماڵی باوکی، هێشتا لەگەڵ کۆنەدۆستێکی خۆم پێوەندی شاراوەم مابوو، چونکە بڕاستی یەکەم خۆشەویست و ئەویش هی سەردەمی عاشق بوونی منداڵی زۆر بە سەختی لەدڵ دەردەچێت، ئەو خۆشەویستەم ڕاست ئەو ڕۆژە وا خێزانم لە ماڵ نەبوو بینی، داوام لێی کرد بەڕەسمی جاران میوانم بێت.

کوتی: ئەگەر شوێنتت هەیە ئەم شەو دەتوانم بێم بۆلات، ناوی چیمەن بوو،

چیمەن باوکی نەمابوو دایکی ژنێکی دڵ تەڕبوو دایکم زورجار بە باوکمی دەکوت ئەم ژنەتیوە بێوەژنەی جیرانمان ڕۆژێک خۆت بە سەردا نەبرێ من ژن نیم، نابێ قسەی لەگەڵ بکەی منیش دەمزانی باوکم و پەروینی دایکی چێمەن چاوە چاوێکیان هەیە و دەیان ویست بە بۆنەی من و چێمەن لێک نزێک بنەوە و کەین و بەینی خۆیان بە هاوسەرگیری ئیمە داپۆوشن، هەر ئەمەش وای کرد دایکم بە تواوی هێزدژ بە پێک هێنانی ژیانی هاوبەشی من و چیمەن بێ. و خوشکەزایەکی خۆی بۆخواستم بەڵام چۆنکە ساڵانێکی زوڕ بوو لەگەڵ چێمەن تێکەڵ بووم دڵم هەڕلای ئەو بوو،

بویە لە چکولەترین دەرفەت دەگەڕام بۆ بینینی چێمەن و دایکیشی خۆی کار ئاسانی بۆ دەکردین تاکوو ژنەکەم تەڵاق دەم و توڵە لە دایکم کاتەوە،

بویە بە قبوڵ کردنی پێشنیارەکەی چێمەن بە ڕەسمی جاران ئیوارە بە دزی و فزیەوە دوور لەچاوی خەڵکی کۆڵان و خاوەن ماڵ چیمەنم کرد بەژووردا،

ئاما دەکاریم کردبوو بۆ پێشوازی لەچیمەن بەڕەسمی لاویەتی و سەڵتی کە زۆر جار کەبنە ماڵەکەم دەچوونەوە سەر بنە لە ئاوایەکەی خۆمان دەهات بۆ لام.

درەنگانی شەو بوو، گڵۆوپەکەمان کووژاندەوە، هەر دووکمان رو بە پەنجەرەی حەوشەی خاوەن ماڵ دەست مان کردبوو بە سەرێنی یەک بیرەوەری ڕا بردوومان دەگێڕاوە بە هێواشی، چۆنکە خاوەن ماڵ لە حەۆشە خەریکی نێرگەلە کێشان بوو.

جار و بار چیمەن دەیکوت تو درووو دە کەی ژنەکەت تەڵاق نادەی بەدڵی خۆت هێناوتە، ڕاستت لە لانییە بە زۆور بۆیان نەهێناوی و منیش دەمکوت هەر تۆ دەکەم بەهاوسەرم سەبرێک ڕاگرە و لەم قسانە.....،

لەناکاو گەنەکەوڵەیەک خۆی کرد بەدەلیینگی بیجامەکەمدا و هەر نەمزانی چیم کردم و چێمەن بە دزیی میوانمە، هاوارێکم کرد دەنگم گەیشتە حەۆشە هەڵاتم گڵووپەکەم هەڵ کرد، خاوەن ماڵ لە حەوشە نێرگەکەی دەکێشا، بەدەم هەراکەی من سەری کێشا نێو ژورەکەمان، چێمەن و دیمەنی ژوره کەمانی بینی، کوتی ئەوە چییە عەبە؟کوتم گەنەکەوڵەیە، بەسەیرەوە کوتی وڵلا گەنەکەولەی وام نەدیوە: (کەمە بە ستی لە چیمەن بوو):

- هەتێو ئەمە بەرخە.
- لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی ئێمە بە کەرەجنە دەڵێن"گەنەکەوڵە"

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## پیشکەش وە ڕەهبەر و گەورای یارسان

### ئاقا سەید نەسرەدین حەیدەری

کرماشان. پەری نەجەفی

وە بان ئاوی هەڵاژیامه
گیانم سووک سووک
چەو نووقانمه و دیرم چم
زانم وە کوو چم
سیروان دیری بەیدەم
رییەگه بەڵەیه
تووفنی و چوو
منیش وەگەرد خوەیا بەی

❋❋

قونەرەی سەر تافەگان هاتنەسه قسه
گیژاو گوڵەنگەگان هاتنەسه قسه
ماسیەگان سیروان هاتنەسه قسه
سیروان خامووش هاتیەسه قسه
ئاهـ خودای چەم و زەمین و ئاسمانەیل
چه دیرم دوونم و ژنەفم
وە زوان ئاو و وە زوان مانگ و زوان شەو...

دو شەوه ک مێهمان ئی ئاوەمه و وە خوەما هەر خوەمم و سیروان و خودای بان سەر تا سیروان و ماسیەگان هاتنه قسه و چەو واز کردم و گل دام، دیم نه تەنیا م نییم، فەره کەس وە بان سیروان هەڵاژیانه و سیروان تووفنی و بەیدەیان.

❋❋

سیروان ئرام مەتەڵ ئووشی
مەتەڵی ک زانمەی
خوەر دیری ئاوا بوو
و
ئاخرەیل مەتەڵه

دیرم ژنەفم

"ئەی یاران شوکور مولامان حەقە
زەمزەمەو زینەت باوەرین وە جا
یاران شوکور مولامان حەقە
ئەی یاران شوکور مولامان حەقە"

وە ناو کزەی سەرما، زخاڵ گیانم گور گری.
سیروان دەیدەمە لا و باقی ڕییەگە وە گامولکی چم، رەسمە دەرگای و بوو هەووراتیگ تییەی.
وە ناو مەژمەی نانیگ دوونم ک چوار قەی هاوردنەسە یەک و ئەناریگیش وە لای.
بەش منە و سوڵتان هەواڵەم کردیە
چم نانەگە دەمە لا. تووزی وە برنج و گوشتەگە نەمە دەم و تکی شووربایش کەمە بانی. رووژەی سێ رووژەم وە خواردن نەزر سولتان شکنم و دەم واز کەم و سوژدەی شوکور تیەرمە جا.
ئیرەنگە تەنیا قونەرەی سەر تافەگان و گیژاوگولەنگەگان و ماسیەگان نیین ک قسە کەن.
کوچگ و دار و هەسارەگان و ئاسمان و زەمین هاتنەسە قسە.
هەمیش دیرم ژنەفم:

"عەید یارانە حەقەو حەق
رەحمەت وارانە حەقەو حەق..."

جەژن خـــاونکار پیرووز

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## خوشکی گەل

بانە. ئاودێر

لەو پێدەشتانەی خوارەوە
لە پشتەوەی جۆگە ئاوێ
لەبن تەبار
لە ماکاو و لە دێراوێ
گوڵەکان بەزمانی خۆیان
دەپشکوتن
کەچی داسی دەستی یاسا
یەک بە دوای یەک
زمانی لە بن دا بڕین و
لە کلۆشێکا گێرەی کردن
لەو سەرەوە
لە بناری دەم لووتکەوە
لە هەڵدێران و لە تەلان
لە ڕەوەزان و لە دۆڵان
دارەکانی چاخی خۆنێژ
لە قووتابخانەی ژیاندا
بەزمانی خۆیان هاتنە بەر
بە ڕێنووسێکی سەوزەوە
کەوتنە نووسین
بەڵام لە پێتەختی ستەم
تەوری دەستی یاسا
چەند دانەیەکی بڕین و
گەڵێکی تری لە نۆرەی
دەمەزەردا هێشتۆتەوە
لەو لووتکەوە
بەرز تا باڵای دوا نیگا و
ئاسۆی هەڵچوونی هەستەکان
لە دڵی شاخی خەیاڵ و
ئەشکەوتی بیرەوەریەکان
باڵندەکانی نیشتەجێ
بەزمانی خۆیان ئەفڕین و
نیشتنەوەیان ئەنووسیەوە

بەڵام لە دوای
هەرەسی کۆنە پەرستان و
واژۆی یاسای نا بۆ فڕین
ڕاوچییەکانی خۆفرۆش
بە مەقەستی دەستی یاسا باڵیان
چنین
زمانیان لە بن قرتاندن
هەر تەنانەت
لە ڕۆژهەڵاتی پڕغەدرا
لە پارێزگای سەر چاوەکان
کە زمان بە کوردی ئەپژێت و
ئیرادەی خواشی لە سەرە
کیژێک لە ڕەگەزی هەتاو
بە دەستی پڕ گزنگەوە
کەنیشکێ تەڕ بە سەر چاوە
بە ئامێزی پڕ لە شەپۆل
تەژی لە هاژەی ئەوین و
کەنیلەیەک تریفەیی
بە بەرهەڵبێنی ئەستێرە و
چەپک چەپک شەونم لە دەست
خۆشەویستی نەتەوەکەی
بە دڵی ئاوییەردا چاند
وتی : کەبەفر دابەزی
بە کوردانە وەی توێنە
کە باران بۆت هاتە خوارێ
کوردواری وەی تلێنە
کە بروسکە لێت هاتەدەنگ
تۆ بە کوردی دای گیرسێنە
هەر لەو بەستێنە ئەستەمە
لە چەقی شوومی سرمەکان
لە پرمەی غەدداره کاندا
پێنووسی دا بە کوچکە ڕەش

ڕەنگی عەشق و
تامی ژین و
بۆنی گەلی پێنووسیەوە
فێری کردن
کە چۆن ئەدوێن
چۆن تام ئەکەن
چۆن بۆن ئەکەن
دەبێ هەر ئاواش بنووسن
بەڵام مخابن لە ناکاو
کەلەبچە لە دەست و زمان
لە ژووری خاڵی لە یاسا و
پڕ بێدادی
سەری دەرهێنا لە ناکاو!
ئەوپێنووسەیان دایە دەست
کە زیندانی پڕ لە بێتاوان کردووە
دەی بنووسە
ئاو تەڕ نیە
ئاگر ساردە
خۆر تاریکایی هێناوە و
شەویش ڕووناکترە لە ڕۆژ
ئەم تا توانی
بە ریشی یاسا پێکەنی و
سەری بەرزی بۆ لە قاندن
دەبێ دە ساڵ
هەر تاریکی بنووسێت و
لە بەر خۆری چاوە کانیا
دە ساڵ
ئەندێشەکانی تەون کا و
مێژووی گەل بڕێسێتەوە
دە ساڵ ژینی تازەت پیرۆز
خوشکی خۆشەویستی گەلم



## نیگەرانی

هەولێر. ڕۆستەم خامۆش

ئەمشەو خەمێک لەگەڵمایە
بۆیە ڕۆحم نیگەرانە
**ژانی زامێک لە سینەمە**
بۆیە دڵم پەرێشانە

چەشنی بولبول دەناڵێنم
لە نێو باخی گوڵی ژاکاو
بۆ غوربەتی و فیراقی ئەو
دەبارێنم فرمێسکی چاو

وەلێ ئەفسووس کەس ناپرسێ
لە سووتان و لە تەنیاییم
بە کوڵ دەگریم لە ناخەوە
بۆ نامۆیی و بێ ئاشناییم

سەقز. فەریدە

تاشانت لەئامێز ئەگرێ
خۆشەویستیەکانم ،
بزەی هەستم
باڵ ئەگرێ لەسەر باڵی "با" ....

تۆ شازادەی ئەسب سواری منی
بمێنەوە
تاکوو
چاوی پەجێرەی چاوڕوانیم
بنووقێنم ....

نێوهەناسەم هەناسە بە
تاهەناسە م
هەنسک نەدا ....

❋❋

سەقز. فەریدە

عیشق دڕکە
پەڕەناسکی دڵ
زەخمارئەکا
هەناسەکانم
بۆنی خوێن ئەدەن
زۆرئەترسم



## سه ودا

بانه. زامدار

مەمکوژە و تۆ بەژنی نۆڵت بادەوە
بمخە باغی ئەو قەدی شمشادەوە

ئەو خەیاڵەی لە وسەرەت ناون ,کەزی
دەمکووژی ئاخر سەرێ دەی بادەوە

مەرگی من خەتمی ڕێگاکەی ئێستەتە
مەرگی من تۆ بیکە لەو ڕێ لادەوە

من کە چی سەیری دەکەم ئەو بە ژنەتە
هەر دەکەوتم ناو خەیاڵ و یادەوە

بمکووژە و جارێ بەڵام ئەو گڕکەدە
دا بمرکێنی بە لێوی بادەوە

دەردەکەم پاکی لە دڵدا لادەچی
دەبمە نووحی دوو بە عومری زیادەوە

هەرچی بەر چاوم کەوت ئەو ڕوومەتە
جاری ساڵێکم تەمەن دا دادەوە

جا دەبێ بێی و بدەی یەک  دوو مەزە
عومرەکەی خۆمە و بە سەر خۆمدادەوە

هیچ منەت بارت نیە ومافی هەیە
چی تەڵەبکاری بە زامدار دادەوە.



## لێم ببوورە

بانه. بەهمەن قادری( دڵپڕ)

لێم ببوورە
نامەکانت ناخوێنمەوە
چونکە هێندە
سارد و سڕ و بە ئازارە
جەستەم ئەکا بە بەستەڵەک
وا ئەزانم بەفرانبارە .

گۆڤاری ئەلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە




سەقز. فەرانەک کەریم ئابادی

## کۆڵبەر

دەنگی گوێ ڕۆشێنی گوللە
سنوورکانی پێوا بوو
لەبەستەڵەکی زستان دا
دڵی کۆڵبەری پێکا بوو
چیا پڕ لە خوێنی سوور و
گورگان خەریک لوورەلوور بوون
کۆڵبەرە بریندار کە
پەنجەی لە زەوین خشابوو
بە خوێنی سپی و بێگەردەی
ناوی هەژاری کوتا بوو
شەوەزەنگ بوو
سەر سنگی چیا بڕین بوو
دایکی کۆڵبەر پەشوکاو
دڵ خەمین بوو
ئەیوت نەکا ئەمشەو کەمین بکەن
ژینی عوریانم خەمین کەن
ڕۆڵەکەم سپێردەی زەوین کەن
نەیدەزانی تا بەر بەیان
ئەو کاتەی لە خەو هەڵدەستێ
دڵی ڕۆڵەکەی ئەوەستێ
ئاپۆرەیەک دیار بوو
خێڵێکی ڕەش لە ناو بەفرا
وەک مێلوره قەتارەی نابوو
جەستەی بێ ڕۆحی کۆڵبەری
لە سەر دارتەرمێ دانابوو



چی تر سامی ڕێگای ئاسۆیش
سوکنایی نادا بە دڵم
لەشم تەژی دەرد و خەمە
چقلی ڕێگای نائومێدی
ڕسکاوە بە دەور لەشم دا
وەکو جاران من نەماوم
هێندەی تەمەنێک گۆڕاوم



## چوارینه

بانه. عەبدوڵڵا کەلی خان

بۆ نەناڵێ دڵ لە شەودا چاو نەڕێژێ ئەشکی خوون
بەحری تاوانم بە جارێ نوقمی کرد لێم هۆشی بوون
مەیلی میوانی غەریبم سفرەی دڵ ئاوا ئـەکا
کەی لە دادم بێ لە شەودا بۆ من دەرخا ڕۆژی ڕوون

❀❀

مەنزڵ گەهی خاک لە یارانی کەیل
کوا ئەبێتە هۆی دابڕینی مەیل
کەلێنی ئاسمان پڕ نابێتـــەوە
کە لێی خامۆش بێ ئەستێرەی سوەیل

❀❀

شەماڵ هەڵکە ڕوو لە کوێستان
با وەگەشێ باغ و بێستان
فیت و هووری مەلان با بــێ
لە ناو گوڵزاری کوردستان

❀❀

کە هەستی چاوی کردەوە
کەسی لە بیر نەبـــردەوە
بە من کوردستانی دامێ
بە ئاو و خاک و هەردەوە

❀❀

بۆ تامێکی خەیاڵاوی تاریکیم لە دڵ هەڵ هێنا
بە هیلاکی ڕۆحی ماندووم کشان تا کەل هێنا
مخابن وا لە کۆتایی کە من ماوم و تەنیایی
بۆ چاولێکەری ئەم و ئەو شەیتانیش نەفسی کەڵ هێنا



مەهاباد. جەعفەرمەعرووف(ژیار)

دڵ بە دوتا شیت وشەیدا وێڵ و ئاوارەو جنوون
پڕ خەفەت، خولیا سفەت، هاوڕازە کەی دونیای زەبوون

سەردەمێکە من بە شێعرو تۆش بە سیلەی چاوەکەت
تیری برژانگت لە جەرگی شێعرەکانم ڕا دەچوون

چاوەڕێ بووم نەرمە بارانەی ئەوینت دەشتی دڵ
پڕ بە دڵ پاراو بکات، ئەوجار پەڵەش بگرێ دەروون

کەی دە بێ ڕۆژێ ئەمن لاولاوە بم بۆ بەژنەکەت
داخەکەم قەت وانە بوو، چۆن هەڵ نەڕێژم ئەشکی روون

باخەکەی دڵ بێ نەوایە، کوا سەفایەک هەر نەبوو
عومرەکەی لاویم بە سەرچوو، تێکەڵی دەردی نەبوون

هەرگیزاو هەرگیز ئەتۆ ئاورت نەداوە لەو دڵەم
تا بزانی ژینی من بێ تۆ چلۆن تێک ڕادەچوون

چاوەکەم تۆ باش بزانە وا "ژیار"هەر تۆی دەوێ
یارەبی جا ئەو دڵەی تۆش هەروەکو جاران دەبوون



هەنەکییانە "تەنز"

## گریوە خە نِگ " تەڵخەند"

ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی"

ژنەگە وە خوەشڵەخوەشی وت:پیاگە! پیاگە! مزگانی بایەد بدەیت وەم، زگم وە لفانگێ پڕە، دۆتێگ و کوڕێ.

پیاگە ک نەدزانست خوەشی بکەێ کِ وە یەک زگ زایین یەکلا دبێ و یەکجارەکی پۆل زاوەران و بیمارستان و سزاریەنەیان دکەێگە یەکێ، یا گری بکەێ چوون هە لە یەمەوە هووڵ و تەوەنِ دەسخەرجی و پووشاک و شیرهشک و ... بردگەسەی، دە ئی هووڵ و ورِینە بی ک وە گریوەخەنگەوە برِ بردەی و وت:
م م م م مزگانی دیرێ وە گیانِ ئازیزی خوەت، وەلێ وەی ژیان و زنەی قنزیە کِ ئیمە دیریمن، دی فێر نام قووڵ قووڵ ئەڕا زاڕووەیلە نەکەیت، ها، وەردِ تونم، ئی بەسەزوانەیلە کەێ زاڕوو ئیمەن؟ ئەیانە زاڕوو قنز و وامن. ئەڕا یەسە هە دویشم کِ
نامِ کورەگە بایەد بنیمنە "قنزەلی" و دۆتەگەیش "قنزییە"، چوون یەسەی دی دە راسی قنز خواردگەسەمان، قووتمانەو داگە جوور هیها.

- فەرهەنگۆک

کوردی فەیلی بە فارسی:

- قنز: قسط
- قنزیە: چمان لانام دۆتانەیێگە ک دوروسێ کردمە وە جی "قسطیە"
- قنزەلی: چمان لانام کوڕانەیێگە ک سازیمەسەی، چشتێ جوور "قسطعلی"
- هەنەک، هەنەکی: شوخی، طنز
- هەنین: مهربان
- هەنە کردن، تاسە کردن: مهربانی کردن، با مهر یاد کسی کردن
- هەنەکییانە: طنزنوشته
- لانام، لاناو: نام مستعار، اسم تصغیر شده
- نام نازاری، ناو نازاری، نازنام، نازناو: اسم هنری و شاعرانە و تخلص، اسمی غیررسمی کە از سر تحبیب، کسی را با آن صدا میزنند.

- گریوە، گری، گریان، گیری، گیرووە: گریە
- زاوەران: زایمان
- لفانە، لفانگ: دوقلو
- هیها، هۆها: اژدها

برِ بردن: لکنت زبان گرفتن

- فێر کردن، منەی کردن، پەیجووری کردن: گشتن
- ورِینە، هووڵ، تەوەن: دلهرە ، استرس، فکر و خیال
- گریوەخەنە، گریوەخەنگ: حالتی بین گریە و خندە توامان
- ئەیانە، یانە، ئەمانە: اینها
- یەمە، ئێسە، ئێرەنگە، ئمکە، ئینکە، ئێنە، ئێرە، یەسە، ئەێمە، ئێسا، ئێستا، ئێسکە: حالا
- دبیٚ: میشود، شکل سالم فعل "دوو، دووگ، دویٚ، بوود، بووت، بیٚ، بوودن"
- دکەیٚ، ئەکەیٚ، ئەکا، ئەکات، مەکەیٚ: میکند

- **شروفە:**


دە ئی نووسریاگە، ئەرِا معیارسازی و چگن وەرئەو زوانیٚ میانجی، بریٚ لە پێشنیێارەیل ماموستا کامران رەحیمی و خوەم بردمەسە کار، ک گرینگترینێیان ئەوسرِین "ڤ" و وە جییٚ وە کار بردن "ۆ" دە وشەیلە. دە فێعڵەگانیش هەوڵ دامە ک شێوە و فرم نەشکیاگێیان ببمە کار. جوور "نەدکرد" وە جاتیی "نیەکرد"، یا "نەدیرم" وە جای "نەیٚرم"، یان "دکەم" وە جی "کەم"، یا "نەبرد" جالیی "نەورد".

لە ئیمەرِا، یە خاسترە، هەرچەن ئی رەوێشتە دەسکەفت سی ساڵ کار ئیمەسە، وە بان زاراوەی کوردی فەیلی "فەهلەوی/ پەهلەوی" دە ئیلام، وەلیٚ هێمان جی کار فرەییٚگ دیریٚ، ئەرِا گشتمان.

## بۆکان. سەید محەممەدئەمین قوڕەیشی





















گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## دەرمان

بۆکان. ئاسۆ

تالەدەردێ نەگوزەرێی، دەرمانێ دیکەت نادەنێ
ڕێگەخوی ڕێنوێنە بۆ ڕێبوار، کەچۆن سەرپێوەنێ

تۆ ئەگەر ڕابی و لە ڕێگا شارەزا، ترست نەبێ
یەک نەسیحەت بگرە گوێ، قەت قەت مەڕۆ تاقی تەنێ

یار خەیاڵیشی لەڕێدا هەروەکوو هاوڕێی دڵە
ئاوی فێنکی ڕێگەیە ئەو ئاوی قووڵکی گەردەنێ

ئاوی قوڵکی گەردنی یارە کە لێوێ تەڕ بکات
تاهەبێ بار نایگرێ دایمەدەبێ هەر پێبکەنێ

گەرسەری زولفێ ببێتە باوەشێنی عاشقێ
حەقیەتی هەر دایمە کۆرپەی خۆشەویستی ڕاژەنێ

ئاگەداربە! بازی چاوبەسراوی شات تێبەر نەبێ
خۆ لەخۆڕا ئەوهەموو گۆشت وپلاوەی نادەنێ

ماڵی خۆت بافەڕشی کاشانی نەبێ قەیدی نیە
خۆشترە لەو شوققەساز دەکرێ بەوامی مەسکەنێ

زاڵمان گەرتیکەیێ نانت دەنێ دوانت دەخۆن
خۆش بەحاڵ ئەوشەخسە وا کەڵپەی تەماحی هەڵکەنێ

زۆری واهەن دێن پلەوپایەی ئەویندار سووک دەکەن
کوانێ دەریا پیس دەبێ گەر سەگ دەمێکی پێوەنێ؟!

دەردی ئاسۆ زامی ئەو سوارەن لەقامی کۆنەدا
ژانی زامی ناشکێ ئیللا بەماچی ژێر چەنێ



# مەڵبەندی ترسنۆکەکان

جوانڕۆ. هەوراز جوانڕۆ

دوێنێ دێرێ
دەمەو ئێوارە
تەنیا وەکوو کاتی تۆرانی سێبەر لە سەرم
ڕۆشتمە نێو قەڵای تاریکی
باخێکی چڕی سووتاو
پڕ لە سەمفوونیای ناڵەی بالۆرەی
ترس و ئستیفراق
بەدوای ڕۆحی خۆم بووم
چووم، هاتم و چووم
ون بووم
نامۆ، ماندوو، ماندوو
دانیشتم لەسەر کۆتە دارێکی
خاوەن دیرۆکی بەرخۆدان
زۆرتر لە پیرەدارەکەی مامۆستا جەلال دەچوو
کوژراوی دەستی پوازی نەیار بوو!
بەڵام هەر مابوو
پرسیارم لێ کرد
لە خوا
لە وڵات
لە خەم
لە قەیرانەکانی سەردەم
لە تێرنەخواردنی مرۆڤ
لە گۆشت و ئێسقانی یەک تر
لە ئاکامی بێبەرهەم
پرسیاری زۆر و وەڵامی ناجۆر
منیش هەردەم ترسنۆکتر لە جاران
چ کارەساتێک خولقاوە
شەمشەمەکوێرە
بە سینی چایی هێنا بۆم
لەجیاتی چایی
پیاڵەیە خوێن لەگەڵ کلۆی قەندی خەم
گوتی:
بیخۆ، خەڵاتی ئێمەیە بۆ ترسنۆکەکان
بزەیەک تاڵی بۆ کردم
دوای وتوویژ
دوای قسەی درێژ
کە هاتم بگەڕێمەوە
هەستامەوە
لەرزیم و کەوتم
کە بینیم
لەجێی من جوانیم
بە بزەیەک سەیرم دەکات و
لەوێ لەسەر کۆتەی دارە
منی پیر، منی لەرزۆکی زەویگیر
بە گۆچانی لقێکی دار
لە باخ هاتمە دەر
بەرەو شار
بەرەو شارێ پڕ لە هاوار و
دووکەڵ و ژان
شارێ کە بووەتە مەڵبەندی
ترسنۆکە بێدەنگەکان....



# پشکۆ و داهێنانی سەبکی نوێی سێ دێڕی سەروادار

سەقز. لەتیف عەلەوی

"بەناوی بەرزە ناو"

هەیڤێکی لە شەوگاری ڕەشی بێ بندا
خۆرێکی لە ڕۆچنەی بەیانی وندا
دەستێکی شکۆی کە ناو بە ناو دیاری
هێزی قەڵەمی، قەڵای لە شێعری مندا
لەتیف عەلەوی
تاجە گوڵینەی "پشکۆ"

چەن ڕۆژێ لە دوای شەوە شێعری ویرەکانی خەزەڵوەر کە لە شاری دوو ئاربەبا بەڕێوە چوو، کاریگەری ئەو شەوە هەروا مابوو لە سەرماو چرکە بە چرکە ئەهاتە پێش کارابینی چاوەکانم، لە بەرە ژانی ئەو شەوە ڕزگاریم نەهاتبوو تا دەرەنجام بە نووسینی چەن کورتە شێعر لەو ژانەش بوومەوە! ویستم پێداچوونەوەیان بکەم کە لە ناکاو چەن سێ دێڕی سەروادار سەرنجیان ڕاکێشام، هەستم بە جیاوازییەکی تایبەت بە نووسین کرد و بە چوارچێوەیاندا ڕووچووم، بیرم کەوتە جۆلانە، تۆ بڵێی ئەم هەستە تۆکمەو پاراوە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتبێ بنچاخیان کامە کانیاوی زوڵاڵی نیشتمانم بێ؟!

لە ئاکامدا سۆز و "پشکۆ"ی دڵەکەم پەنجەی پێ درێژ کردم بۆ لای پشکۆی گەڵەکەم و هەر بۆیە بە زووترین کات پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا "پشکۆ" یاسینی گرت و جوانترین پیرۆزبایی خۆم سەبارەت بە داڕشتنی یەکەم شێوازی نوێی کورتە شێعری سێ دێڕی سەروادار پێ ڕاگەیاند و پەنجەی قەڵەمم گوشی و ئاواتی سەربەستی و سەربەرزی زێدەترم بۆ خواست.

مامۆستا "پشکۆ" بەم شێوە سەبارەت بەم شێوازە دواو فەرموویان، یەکەم جار ساڵی1391ی هەتاوی بیرم کردەوە کە شێوازێکی تایبەت لە کورتە شێعردا بەدی بێنم، بێ نەوەستان لە سەر ئەو بیرۆکە بەردەوام بووم تا لە ساڵی 1395ی هەتاویدا لە کتێبی "تیشک و پەرژین" ئاماژەم بە چەند دانە لەو شێعرانە لە ژێر سەردێڕی "هەنگاوێ بۆ کورتە شێعری سێ دێڕی سەروادار" بە چاپ گەیاند.

بەڕێزینە هەروایە پەلکەزێڕینەی دوا باران، ڕەنگامەی هیوایە بۆ وڵات و یاران ئەمێستا ئەو هەنگاوە بەرینە پڕ لە ڕێبوارە بەرەو خۆرەتاوی ئەوینە، دەسا کوڕینە با پێکەوە پێشوازی لەو داهێنانە بکەین و تام و چێژ لەو شێوازە وەربگرین و لە ژێر ساباتی ئەو دارە ئەمەکدارە وەحەسێین، با چاومان بەرایی بێنێ و برایی و تەبایی لە بیر نەکەین و یەک وتار و یەک دەنگ و یەک ڕەنگ و یەک ئاسۆ بین و بەری خۆرەتاو بە بێژنگ نەگرین و گوڵی جوانی خۆماڵی خۆیی بە نامۆیی و سەرەڕۆیی نەکەین بە پێخوست و لە بەرۆکی نیشتمانی بدەین.

باڵ بەستۆ، بەش بە حاڵی خۆ ئەو داهێنانەم زۆر لا جوان بوو، ساکار و سانا وەک کانییەکی زێد و نیشتمان بوو، وەک هەستیارێک باوەشی بۆ ئەگرمەوە دێڕ بە دێڕی ئەو شێعرانە ڕائەمووسم و ئەیانکەم بە گۆارەی گوێچکەی تەمەنی نووسین و لە ناخی دڵەوە ڕێز لە "پشکۆ"ی زێدە ئازێزم و هێژا ئەگرم.

ئەوەش چەن وێنە لە ئاوێنەی دڵی پشکۆی دەگمەن و ناوازە:

**خەون**[١]

ئۆقرە ناگرم ئەم ڕۆژانە
ئارامی و خەونم زڕاوە
بۆ هاتنە دی ئەم خەونانە!

**نەورۆز**

نەورۆز نزیکە و من لە تۆ دوورم
بە دڵ بە تاسەی
گوڵاڵەی ڕووت و ئاگری سوورم!

**خاک**

خەزان ورەم پێ کەم ناکا
دڵم هەر وا بەهارییە
تا ڕیشەم بێ لەنێو خاکا

**بەفر و خوێن**

شاعیری نێو بەفر و خوێنم
هەنگاو بە هەنگاو
کوردستانی دڵ ئەدوێنم

**یاد**

لەم کووچە باخی ئەوینە
هەنار و سێو
بە یادی تۆوە شیرینە!

**وێنا**

پاییز وەک تۆ دڵبڕاوم
تۆ بۆ باخ و...
من بۆ مەرگی خاک و ئاوم

**پاییز**

پاییز منم
هەموو ڕۆژێ هەڵدەوەرم
بە دەستی دۆست و دوژمنم!

**بڕیار**

کاڵ هەناری دڵی بڕیار
بەرگەی مەرگی باوکی نەگرت
شەق بوو لە دەست زوڵمی زۆردار!

**پەیمان**

گوڵی سوورم
ساڵرۆژی خۆشەویستیە و
لە سەر پەیمانەکەم سوورم!

**مێخەک ڕێژ**

سوورە گوڵم!
مێخەک ڕێژی دەستی تۆیە
سێوی دڵم!

**ئەشق**

بە ماچی ئەم خاکە نەبێ
دانامرکێ کوڵی دڵم
من ئاشقی کوردستانم سوورەگوڵم!



مەهاباد. موحیب مەهابادی

من لە دونیای ئێوە نیم، کوانێ؟ جیهانم بۆ ونە؟
کەی ئەوە چیرۆکی ژینمە، داستانم بۆ ونە؟

پڕ لە سوکنایی و لە نوورە، بۆ دیارم نیە دیار؟
بزرە ڕێگای چوونی ویم، ئایینی جوانم بۆ ونە؟

ئەو وڵاتەی خۆم لەوێ بووم هیچ کتێبێکی نەبوو
پێوەری ویژدانە بەس، ئیلهامی گیانم بۆ ونە؟

دیمەنی تایبەت سەفایەکی هەبوو، لێرەم نەدیت
کوا بەهاری بێ خەزان، خۆشی ژیانم بۆ ونە؟

زۆر شتم ئێستاش لە بیرە، داخەکەم باس ناکرێ
ڕازی ڕووحە و عالەمی خۆم، باڵەکانم بۆ ونە؟

ئێرە هەرگیز زەڕڕەیەک ناگاتەوە ئەولا موحیب
ئاخ لە وێ دوورە دڵم، ئۆف نیشتمانم بۆ ونە؟



سەقز. مریەم یەتیمی

## پیاڵەی شێعر

دەستم دا
لە پیاڵەی شێعری چاوەکانت
گەڵا گەڵای دیوانەکەم
شەرابییە...

## پەنجەرە

ئاشقی پەنجەرە نیم کاتێ
چاو بە تۆزی شەقام ئەڕێژێ
یان شەو خۆی لە شووشەی
چاوەکانیدا مڵاس داوەو
پەنجەرە کڕ و بێدەنگ لە هەناسەیدا
دەویێتەوە
ئاشقی پەنجەرە نیم کاتێ تماشای
ماشینەکان دەکا کە چۆن
سینگی قەڵەشاوی شەقام
دەبڕن و مەیدان پڕ ئەبێ لە
هاواری بێدەنگی پیتەکان و
من خەمی خاکم بە کۆڵناوە
تا کۆتایی
دەست لە قوڕگی تاریکایی دەکەم
تەوفیری مرۆڤەکان دیت بە دستمەوە
تەوفیرێک ئەوندەی ڕەحم وبێ ڕەحمی
لە مروڤەکان دا
تەفیرێک ئەوەندەی جنێو و مەرحەبا
تەوفیرێک ئەوەندەی ماچ و برین



سەردەشت.بناوێ. خەمبار

له دەوری مانگی ڕووت پەروانەم ئەمشەو
له چەشنی قەیسەکەی دێوانەم ئەمشەو
له لێوی لەعلی تۆ بێ بەهرەم ئازیز
که موحتاجی دەری مەیخانەم ئەمشەو
سیا چارەم هەتا حەز کەی عەزیزم
له تاوت کەرکەسی بێ لانەم ئەمشەو
موژت کردوویە کاری خۆی گوڵاڵەم
خەریکی زامی ئەم؛ ژانەم ئەمشەو
دڵێن شێواوە زوڵفی جوان و پرچت
حەزم لێ بوو بڵێم خۆی شانەم ئەمشەو
دوو چاوت دای گڕی سووتانی جەرگم
لەدووی هەرچی لەبۆی دەرمانە ئەمشەو
بەشی من گەرچی هەر ناڵە و فیغان بوو
لەیادی ئەم قومار و یانەم ئەمشەو
گەلێ کردت له گڵ من بێ وەفایی
وەفا بردی وره و ئیمانم ئەمشەو
نەبوو ئاوڕێ له حاڵی بێ کەسی من
دەشتزانی گەلێ تاقانەم ئەمشەو
له هۆدێکا سەرم گەرمی خەیاڵە
گومی قوڵکەی قوڵی سەر چانەم ئەمشەو
نەبوو ماچێ له بوو سێبووری حاڵم
خەیاڵ پەرتی هەمان تاوانەم ئەمشەو
ڕەبی نەرمێنی خۆشبەختیت هەناسەم
له تاوت کاول و وێرانەم ئەمشەو



بۆکان. سابیر ئیبڕاهیمی (خوڕۆش)

بۆ ڕابردووی خۆت هیچ کات خەم مەخۆ
بەڵام له هیواش قەت قەت دەست مەشۆ

چی شکاو برا بۆی پەرۆش مەبە
پەندێکی کۆنە دوای چووان مەچۆ

نەگەیشتوویە جێ هیچ پەلەی مەکە
ڕۆژی تر زۆرن بەوێنەی ئەمڕۆ

چاوەڕێ مەبە ڕێگای ژیانت
هەر ڕاستە ڕێ بێ و بێ کەند و کوڵۆ

هاتیتە دنیا چاو بە گریان بووی
نەتدی کەتارە یا ڕوونە ئاسۆ

ئەو ڕۆژەی دەڕۆی نازانی کەیە
هەرچی کە بێژی ناڕاستەو درۆ

بەڵام بەشەرتێ ساف و ڕوو ڕاست بی
له هەردوو لاوە سەربەرزی ئەتۆ

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



کورتە چیرۆک:

## خەونێک بۆ پەپوولە سپیەکان

مەهاباد. گەلاوێژ بەیگ نیا(خاتوونی خۆر)

لەوشەوەوە کە خەونی دی، بۆتە پەپوولەیێک، ئەویش پەپوولەیێکی سپی، جارجار لەقوژبنێک هەڵدەتووتەکا وسەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و لەبەرخۆیەوە گورانیێک دەچڕی، گورانێک پڕلەخۆشەویستیەکانمان پڕلە بیرەوەریە شیرین وخۆشە کانمان ، بەلام نازانم بۆ وا بە غەریبی دەیکووتەوە.

–دادە دیسان فکر وخەیالات هەڵیانگرتی بۆ کوێندەرێ.
–ماندووم زۆر ماندووم سەحەر گیان ، مێشکم پڕ ە وقوورسایی داوەتەسەر دلم ،ئازار دلم دەکوشێ وەک شەوە،
دادە نگار گیان بۆ خۆت ئاوا لێدەکەی ،خۆ تۆ ئاوا بێ غیرەت نەبووی ،تۆ بۆخۆت لەنێو ناخۆشیەکان دا ورە ووزەت دەبەخشییە ئێمە
–ئای سەحرە شەو ورۆژم لێتێک چووە نازام کەی تاو هەڵدێ وکەی دادەچێ ،کاتژمێری ژوورەکەم وەستاوە خەونەکانیشم نایەنەوەبیرم و دەمێکیشە هیچ پەپوولەیێک سەردانی نەکردووم.
ئەودەیکوت:تۆ بلەی ولاتی پەپوولەسپیەکان لەکام دەڤەرە، بۆ تەنیا شەوان لەخەونکاندا دێنەدی و رۆژانیش وەک خەیال.

دادەگیان شەو درەنگە تاوێک بحەسێوە خۆت دەربازکە لەم هەمووە خەیال وفکرە ، مەرگیش بەشێک لە ژیانە
وایە ئازیز مەڕگ تەواوکەری ژینەو تەواوکەری خەونەکانمانە بەلام ئەوندە دەزانم پەپوولەسپیەکان دوای مەرگ لەدایک دەبن.
سەحەر لێم نزیک بۆوە ودەستی دەدەستی نام گرماییکی خۆش بەجەستەمدا تێپەری .
–
دادەگیان بۆ والەخۆت دەکەی خەم وخەفەت تەنیارۆژگارت لێ سەخت وسەخلەت دەکا وبۆخۆشت لەبەین دەبا ، ئاواتەکانت لەبیر مەکە بۆیان بەشەر بێ،
فڕین لەبیر مەکە چون ئەو تادوایەمین رۆژی ژیانی فڕینی لەبیر نەکرد.
ئەو بۆ ئاواتەکانی ژیانی بەخشی و بۆئامانج وهیواکانی بەشەر هات تادوایەمین ساتی ژیانی وبەسەربەرزی شەهید بوو.

دادەگیان هەستە بنوو خۆ بەقسەی من ناکەی بەشکم خەون بەپەپوولەسپیەکانەوە ببینی وئارام بگری.

–بۆ مردنی باڵندەیێک نایهەوێ سینگی هەڵدری گەر باڵەکانی هەڵپاچی بۆخۆی لە ئاواتی فڕیندا دەمرێ چۆن باڵندەکان ئازاد ژیاون بێ ئازادی وپەرواز دەمرن .

دادەگیان تۆش مەهێڵە دوژمن باڵەکانت هەلپاچێ وئاواتی فڕینت لێوەرگرێ وبەئامانجی خۆی بگا شەوتخۆش دادە

دوای قسەکانی سەحەر چوم دەبیرەوە، ئەو راستی دەکوت ،

دەبێ وڕەبدەمە بەرخۆموو هەستمەوە ئەمنیش وەک ئازاد بۆ ئامانج وهیواکانم تێبکۆشم تادوایەمین رۆژی ژیانم.

چاوەکانم خەونێکی قورسیان بەسەر داهات هەموو وڵات تاریک بوو تەنیا پەپوولەیێکی سپی لەسەر شانم، بەگوما چرپاندی: فریندت لە بیر نەچێ.



# باوکم لە جەنگ گەڕایەوە

## بە ڕۆحی باوکم پێشکەشە

سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی

١.
کە باوکم لە جەنگ هاتەوە
پێڵاوەکانی لێ جێمابوو
نەک هەر پێڵاو،
لە مەیدانی جەنگەڵی جەنگدا
هەردوو لاقی لێ جێ مابوو
جامانەکەی
بەخوێنی عیسا،
تەواو سور هەڵگەڕابوو

٢.
باوکم لە جەنگ گەڕایەوە
کوخەکەمان ڕەشەبای جەنگ سووتاندبووی
خانووەکەمان باهۆزی نەفرەتی مێژوو
ڕماندبووی
دار تووەکەی بەرماڵمان، گولەی گرتبوو
مزگەوتی گوندەکەمان، مۆڵگەی ئەو
سەربازانەبوو
کە ئایەتەکانی قورئانیان سووتاندو
لە ژێر بەیداخی الله اکبر دا
نوێژخوێنانیان ئەنفال کرد.

٣.
باوکم لە جەنگ گەڕایەوە
لولەی تفەنگەکەی خوێنی لێ دەچۆڕا
بۆنی خوێنی ئەو گورگانەی لێدەهات
لە پێدەشتی تەنهاییدا یووسفیان خوارد
جامانەکەی هەمووی جێ کەڵبەی گورگ بوو
هەمووی جێزامی مەرگ بوو،
بەخوڕ خوێنی لێ دەچۆڕا.

٤.
باوکم لە جەنگ گەڕایەوە
بەدەستی خوێناویەوە، سڵاوی لە مامۆستا کرد
ئەو مامۆستایەی بەدیار قوتابخانەیەکی
داڕوخاوەوە
وانەی دوو داری پێ دەوتین
دوو داری سووتاو
سورەتی ئەنفالی پێ ئەزبەر دەکردین
ئەو قورئانە سووتاوانەی پێ کۆدەکردینەوە
نەفرەتی جەنگ سووتاندنی.

٥.
باوکم لە جەنگ گەڕایەوە
لە کۆترە کوژراوەکانم ڕاماو
بەشەرمەوە پێی ووتم،
مەرگ چەند جەلادێکی ئەویندارە
چەند شەیدای ڕۆحی شەکەتە

٦.
ئیدی باوکم لە باخچەکەدا پیاسە ناکاو
لە سایەی دار سێوەکاندا،
سەرخەوێ ناشکێنی
بۆن بە شکۆفەی ئەو گوڵانەوە ناکات
لە نەمامی ئەو دارگوێزانە ڕانامێنێت
لەو جامە دۆیە ناخواتەوە،
ئەو دۆیەی،
بە فەریکە قەزوان خۆشتر و بەتامتر کرابوو

٧.
جارێکی تر باوکم لە جەنگ نایەتەوە
چوونکە ئەوە دواین جار بوو
هەر کە لە جەنگ گەڕایەوە.
کاتژمێری زەمەنی تەمەنم وەستا
کراسە سپیەکەی دایکم ڕەش هەڵگەڕا
کراسی سەوزی باخچەکان زەرد بوون
دوا دڵۆپی خوێنی منیش
شمشێری جەنگێکی ئاودا.



کورتە چیرۆک:

# فڕین لە ناخی گیانەوە!

بانە. ک.د.ئازاد

کاک ڕەحمان لە بەردەمی دووکانەکەی لە نزیک شەقامەکە لە سەر سکۆی جۆگەکە دانیشتبوو و وەک عادەتی هەمیشەیی ئەژنۆی دەباوەش گرتبوون و بە چیلکەیەک لە سەر خۆڵەکە خەت و هێڵی ڕاست و چەپی دەکێشاوە و لە ناو دەریای خەیاڵی دا مەلەی دەکرد.

سەری گەورە و ماش و برینجی، قەڵافەتێکی کەڵەگەتی تێکسمڕاو ،شان و باهۆیەکی پان و بەخۆوە، لووتێکی بەرانی و دەمو چاوێکی پان و کێشراو!هەموو ئەوانە لە کاک ڕەحمان هەیبەتێکی پیاوانە و بە چۆک دانەهاتووی نیشان دەدا! بۆیە کە ئەژنۆی دەباوەش دەگرت، گەنجتر دەینواند و بۆئەوانەی نەیان دەناسی و عادەتی ئەویان نەدەزانی وەک خەمبارێکی کۆست کەوتوو دەهاتە بەرچاو!

«هەر سەرپەنایەکم بۆ منداڵەکان درووست کردبایە! قیر و سیا! چ دەبوو با ببێ! ئاخ کوڕێکی باشیش هەڵکەوتبا ناسکێش دادەمەزرا و خەمم نەدەما! بۆ کچ و کوڕەکانیش جارێ زووە و خوا گەورەیە«!

کەسێک لە پشتەوە ڕا هەر دوو چاوی گرتن!

ـ ئەگەر زانیت من کێم؟

ـ لەتە گیان!( لە بەر خۆشەویستیان بە ناسکێی کچی دەگووت لەتە و قەت بە ناوی خۆی بانگی نەدەکرد)

ـ باوکە جوانەکەم بۆ چۆتە ناو فیکرەوە؟

ـ هیچ نیە کچە جوانەکەم! ئەوە بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟

ـ مام ڕەحمان گیان! لە بیرت چۆتەوە کچەکەت ئەوە ئاخر و ئۆخری ناوەندیە؟ ئەوە دەچێ بۆ قوتابخانە!

ـ باب بە قوربانت بی لەتە گیان. وەڵڵاهی ڕاست دەکەی!

دەستی بە گرفانی داکرد و پوڵێکی قاقەزی خستە ناو دەستی ناسکێ!

ـ بابە گیان پێمە نامهەوێ!

ـ نا ڕۆڵە گیان. هەڵیگرە. با قەت ئاتاج و موحتاجی کەس نەبی!

ـ دەی جا برۆ با قوتابخانەکەت وەدرەنگی نەکەوێ!

ناسکێ پێی ڕۆیشتنی نەبوو.

ـ چت دەوێ لەتە گیان؟

کاک ڕەحمان چوار کچ و دوو کوڕی بوو. ئەوەندە لە منداڵان نیزیک بوو و دەگەڵیان خۆمانە دەبزووتەوە کە هەموویان ڕاشکاوانە قسەی دڵیان پێ دە گووت و نەیان دەشاردەوە!

ـ بابە گیان بۆ قوتابخانە ماویەتی! ساعەتی هەوەڵ بێکارین و مامۆستایەکەمان نایەتەوە. بەڵام کارم پێتە!

ـ دەی با بچین بۆ دووکان و لەوێ قسە بکەین!

کاک ڕەحمان، لە دووکانەکەی کاری میکانیکی ماشێنی دەکرد. هەر دووک لە سەر دوو کورسی بەرانبەر یەکتر دانیشتن!

ناسکێ، کچێکی سوور و سپی، دووچاوی ڕەش و تۆزێک گەورە و قژێکی کەمێک لوول و ڕەش بەرەوخورمایی، چەنەگەیەکی کێشرا و تیژ و ڕیزێک ددانی سەدەفی سپی کە لە کاتی پێکەنین دا سەد ئەوەندەی تری جوان دەکردا!

گۆڤاری ئێلێکترۆنیی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

ـ دەی کچم!
ـ بابە گیان خۆت گوتووتە هەر کاتێک ویستمان دەتوانین قسەی دڵمان بە تۆ بڵێین! وایە؟
ـ وایە!
ـ کوڕێک کە تۆش دەیناسی ماوەیەکە لە سەر ڕێگای مەدرەسە قسەم دەگەڵ دەکا و قەرارە بنێرێ بۆ خوازبێنیم!
ناوی هومێدە. هومێدی برایم ئاغای مەکلاوێ!
ـ باشی دەناسم.جیرانی خۆمانە! کوڕێکی باشە!تۆش خۆشت دەوێ؟
ناسکێ سەری داخست نەیدەتوانی ئەو ڕاستیە لە باوکی وەشارێ کە هومێدی خۆش دەوێ!
ـ زۆرم خۆش دەوێ! بابە گیان!
ـ دەی موبارەکە! کوێر ، لە خوا چی دەوێ؟ دوو چاوی ڕۆشن! هەر چی تۆ پێی ڕازی بی منیش ڕازیم!

❋❋

ـ هومێد!
ـ بەڵێ ناسکێ گیان!
ـ بابم ڕازییە! بنێرە بۆ خوازبێنیم!
ـ باشە! هەر ئەمڕۆ بەماڵەوە دەڵێم!

❋❋

هومێد باوکی مردبوو و دایکی شووی بە حەسەنی جۆشکار کردبۆوە! حەسەن، مەهابادی بوو و لە ڕەبەت کاری جۆشکاری دەکرد! هومێد و خوشکەکەی هەر بە منداڵی کە دایکیان شووی کردەوە، لە لای زڕ بابیان بە خێو کران و گەورە بوون!
شەو کە هومێد لە ماڵەوە قسەکەی باس کرد، دایکی زۆری پێ خۆش بوو بەڵام زڕ بابی گوتی:
ـ کچ قات بووە وا حەز لە کچی ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی دەکەی؟ تۆ ئاغاوات و ئەویش ڕەعیەتێکی پێپەتی!
ـ ناسکێ کچی چاکە و باب و کەس و کاریشی زۆر خۆشناو و خانەدانن!
ـ هەر چی بن من خۆشیم لێیان نایە!

❋❋

ـ ناسکێ گیان!بابم ڕازی نابێ،چ بکەم؟
ـ نازانم هومێد گیان!

❋❋

ـ کچەکە ڕاوەستە؟ تۆ ناسکێی کچی ڕەحمانی ئەحمەدە سەلکەی؟
ـ بەڵێ خۆمم!
ـ باش گوێ بگرە! ئەگەر لەو دونیایەی دا کچ و ژن نەمابێ بۆ کوڕەکەم بیهێنم،تۆی بۆ ناهێنم! واز لە کوڕەکەم بێنە!
ناسکێ وەک ئاسکێک کە هەستی بە مەترسی کردبێ،چاوە گەشەکانی خوێن و فرمێسکیان تێ جزا و گوڕاندی:
ـ کاک حەسەن! تۆش باش گوێ بگرە، من بە غەیری هومێد شوو بە کەس ناکەم! پەیمانمان داوە یا بۆ یەک بین یا بۆ گڵ! ئەو زەمان زیلۆخ جیاوازی چینایەتی و شاری و دێهاتی، ببێتە لەمپەری خۆشەویستی! تۆ باشترە واز بێنی!
هەروا کە ناسکێ کتێبەکانی دەباوەش گرتبوو،دڵ پڕ و چاو بە گریان،بەرەو ماڵ بۆوە!
حەسەنی جۆشکار، وەک تەلەسم لێکراوان لە سەر چەقی ڕێ مایەوە! خەنجەرت لێدابا خوێنی نەدەهات!
چاوەڕوانی جوابی ئاوای لە کچێکی قوتابی نەدەکرد! سەری لە بەرد درابوو!

حەسەنی جۆشکار، شەو کە چۆوە ماڵ هەموو ڕقەکەی بە سەر هومید دا ڕشت! هەتا توانی بە شەق و زللە،کەوتە گیانی هومێد! دایکی هومێد نەی دەتوانی کوڕەکەی لە بەر دەستان بێنیتە دەر!
هومید،هەموو ئەو لێدانەی قەبووڵ کرد، بەشکوو ڕۆژێک زڕ بابی لە کەلی شەیتان بێتە خوار!

**

ناسکێ، لەو ڕۆژە بەو لاوە نەشەی نەما!
ـ لەتە گیان! چی قەوماوە؟
ناسکێ، سەری کردە سەر شانی کاک ڕەحمان و تێر و پڕ گریا!
ـ بابە گیان! حەسەنی جۆشکار ڕازی نابێ!
ـ جا ئەو چکارەیە ڕۆڵە؟
ـ هەر پێی وایە زەمانی ئاغا و ڕەعیەتییە!
ـ زۆری بێجا کرد! خۆم قسەی دەگەڵ دەکەم!
ناسکێ،گەشاوە! قسەی بابی، وەک دەمکە ئاوێک بوو بۆ تینوو یان ڕێژنە بارانێک بۆ شۆرەکات بوو!
ـ سپاس!بابە گیان؟
ـ تۆ خەم مەخۆ لەتە گیان!

**

ـ کاک حەسەن! من هاتووم پێت بڵێم واز لەو کچ و کوڕەی بێنی! یەکتریان خۆش دەوێ و خۆشەویستیش لای میللەتی کورد و هەموو نەتەوەکان جێی ڕێزە! لێیان گەڕێ با بۆ خۆیان بەختەوەرانە پێکەوە بژین و من و تۆش یارمەتیان بدەین!
ـ چیە؟ کاک ڕەحمان کچەکەت لێ تۆقە؟ بەسەر کوڕەکەی منی دا دەبڕی!
ـ نا کاکە گیان! من بیر لە داهاتوو و بەختەوەری کچ و کوڕەکە دەکەمەوە و ڕێز بۆ خۆشەویستیان دادەنێم!
ـ ئەوانە بە گوێم داناچێ! دوا بڕیارم ئەوەیە؛بە کچەکەت بڵێ با واز لە هومێد بێنێ!

**

کاک ڕەحمان، وەک ماری سەر ئاگر، حەجمانی لێهەڵگیرابوو! لە لایەکەوە لە بیری کچە خۆشەویستەکەی دابوو و لە لایەکیش نەریتی کۆنە پەرەستانە و پیاو سالارانەی کوردەواری، ئۆقرەی لێ هەڵگرتبوو!

**

ـ ناسکێ!
ـ گیانەکەم!
ـ با دووبەدوو لەم وڵاتە بڕۆین! بچین بۆ جێگایەک هەر خۆمان بین! دوور لە بیر و بڕوای پووچ!
ـ تۆ ڕاست دەکەی هومێد گیان! منیش پێم خۆشە دوو بە دوو هەڵێین و ئەم وڵاتە بە جێ بێڵین! بەڵام باوک و دایک و خۆشک و براکانم چ تاوانێکیان کردوە دەبێ من بە جێیان بێڵم؟ ئەی دایک و خوشکی تۆ لەو بەینە دا خەتایان چیە کە دەبێ تازە تۆ نەبیننەوە!
ـ ڕاست دەکەی ناسکێ گیان! من هەڵە بووم! هەر خۆمانم لە بیر بوو و هیچی تر! تۆ کچێکی عاقڵ وخاوەن بیری! هەر بۆیە بڵێنم پێداوی! مەگەر مردن لێکمان جیا کاتەوە ئەگینا قەت وازت لێناهێنم!

**

ناسکێ،وەک جاران نەمابوو! پێی وابوو هەر کە باوک و کەس و کاری ڕازی بن، تەواوە! ئێستا لەمپەرێکیتر لە سەر ڕێگایان بوو. ئەویش ئەوەندە کەللە ڕەق بوو ڕازی بەو بە یەک گەیشتنە نەبوو!
شەو و ڕۆژ کاری گریان بوو! باوک و دایکی بێ دەسلاتیش زۆر دڵیان دەداوە، هەر وەک خۆی بوو!
جاران ماڵەکە بە ناسکێ و تریقەی پێکەنینی ڕازابۆوە، ئێستا دەتگووت ماڵی باب مردوانە!

خوشک و براکانی ناسکێ حورمەتی خوشکیان لە لابوو! دەیانزانی وەختێک بابیان ڕێز بۆ خۆشەویستی دادەنێ ئەوان حەقیان نیە سەرکۆنەی خوشکیان بکەن!

دایکی ناسکی، دەیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کچەکەی وەک مۆم دەتوێتەوە!

ـ ڕەحمان! پیاوەکە، ناسکێمان لە دەست دەچێ!

ـ چبکەم ئافرەت؟ بچم بە سەر کەوشی حەسەنی جۆشکار دا بکەوم و بڵێم توخوا وەرە کچەکەم بخوازە؟ زۆر قسەم دەگەڵ ئەو ناپیاوە کرد، بێ فایدەیە! هەر بە گەز و ڕبەی خۆی دەپێوێ!

**

ـ فریاکەون! ناسکێ خۆی سووتاند!

تا دەر و دراوسێ هاتن و ئاورەکەیان کوژاندەوە،ئاور زۆربەی لەشی ناسکێی سووتاند!

**

کاک ڕەحمان لە سەفەر بوو.خەبەری لەو ماجەرایە نەبوو! بەڵام دڵی باوکانەی هەر لەو کاتەدا خەبەری دا!

ـ چیە کاک ڕەحمان بێ نەشەی؟

ـ نازانم! دڵم وەک سیر و سرکە دەکوڵێ! ئۆقرە و ئارامم نیە! ڕەنگە لە ڕەبەت و لە بنەماڵەکەم ڕووداوێکی ناخۆش خەریکە ڕوو دەدا!

**

ـ ئەوە ئامبۆلانس هات! مەی بزێون!

ناسکێ یان بە نیوە گیانی خستە ئامبۆلانسەوە!

خەڵکی ڕەبەت کە ئەو کارەساتەیان بیستبوو،بە جارێک بەرەو ماڵ و سەر ڕێگای خەستەخانە خرۆشابوون!

**

ـ کاکە لیم گەڕێن با بڕۆم!

ـ بێقەزابی کاک ڕەحمان! دڵ چۆن خەبەر دەدا کە چی قەوماوە؟

ـ نازانم! نازانم! بەڵام دەبێ بڕۆم!

**

برینەکانی سووتاوی ناسکی زۆر قووڵتر لەوە بوون کە لە ڕەبەت و سەردەشت چارەسەر بکرێن!

ناچار،ڕایانگواست بۆ خەستەخانەی ورمێ!

باوک و دایک و کەس و کار، هەموو بە شوێن ئامبۆلانسەکە دا ڕۆیشتن!

**

دەنگۆ دەیان گووت:

ـ ئەو کچە بۆیە خۆی سووتاندوە،بابی ڕازی نەبووە بیدا بە خۆشەویستەکەی!

ـ ڕەنگە کوڕە، بەڵایەکی بە سەر هێنابێ و دوایە نەی ویستبێ!

ـ دەڵێن دایکی، کچەکەی لە ماڵێ زیندانی کردوە و هەر بۆیە کچەکەش.....

ـ ئێمە چێو لە تاریکی دەکوتین! خوا دەزانێ بۆچی خۆی سووتاندوە!

**

ناسکێ،زیاتر لە حەوتوویەک لە ورمێ بوو. پزیشکەکان،ئەو پەڕی دڵسۆزیان بۆ چارەسەری دەنواند!

هومێد،هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکە لە لای ناسکێ بوو! لە بەردەرگای خەستە خانە نەدەبزووت!

سەرچاوەی فرمێسکی وشک ببوو! هەر پەرەستار یان دوکتۆرێکی دەدی هانای دەبردە بەریان:

ـ توخوا پێم بڵێن، ناسکێ چاک دەبێتەوە؟

ـ بە هومێدی خوا!

شەوانە کە هەموو دەچوونەوە بۆ پشوو و خەو،هومێد،لە پەنا تەختەکەی ناسکی هەڵدەترووشکا ودەستە سووتاوەکانی ناسکێی ماچ دەکرد و لە خوا شفای بۆ ناسکێ دەخواست! خەو،لە هومێد تۆرابوو!

**

برینەکانی ناسکێ وردە وردە بەرەو چاک بوونەوە دەچوون! تا ڕادەیەک دوکتۆرەکان هومێدیان بە چاک بوونەوەی بوو! بەڵام تا پێی دەچوو برینەکانی دڵ و دەروونی ناسکێ پتر تەشەنەیان دەکرد!

ـ ناسکێ گیان! چاو هەڵێنە. بە قوربانی ئەو چاوانەت بم!

ناسکێ چاو هەڵدێنێ و لە چاوە خەمناکەکانی باوکی دەڕوانێ!

ـ بۆ دەڵێی ناسکێ؟ بۆ ناڵێی لەتە؟

ـ نازانم هەروا!

ـ دەزانم تازە ناژیم، بابە گیان هیچ بۆم ناڕاحەت مەبن! ئەوەش چارەنووسی من بوو!

ـ نا نا! وا مەڵێ لەتە گیان!

ـ هومێد بێ خەتایە بابە گیان! ئەویش وەک من بێ دەسەڵاتە!

دەزانم کچم! بۆیە کەسمان ڕێگەی لێ ناگرێ!

**

نیوەشەوێک، لە خەستەخانەی ورمێ، کوت و پڕ، ناسکێ وەک مۆمێک بە یەکجاری دەکوژێتەوە!

هومێد، چۆتەوە سەردانێکی دایک و خوشکی بکا لە ڕەبەت!

باوک و دایکی ناسکێ، دڵنیا لە باشتر بوونەوەی، لە ماڵی دۆستێکی تورکیان لە ورمێن!

خەبەر وەک برووسکە ورمێ و سەردەشت و ڕەبەت دەگرێتەوە!

**

لە بڵندگۆی مزگەوتی ڕەبەت بانگاوازێک دڵی خەڵک ڕادەچڵەکێنێ!

ـ خزمینە! ڕەحمەتی خوداتان لێ بێ وەرن بۆ سەر قەبران بۆ هەڵکەندنی قەبری کچی ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی! تا لە ورمێ ڕا دەگاتەوە با ئامادەی کەین!

هومێد، بە بیستنی دەنگی بڵندگۆ، پەشۆکاو و وڕ و گێژ لە ماڵ دێتە دەر! لە کەندی جادە بە بازێک خۆی هەڵدەدێرێ و پێشی تاکسییەک دەگرێ!

ـ تکایە بمگەیەنە ورمێ!

خاوەن تاکسی دەیناسێ و وەک هەموو کوردێک ڕێزی خۆشەویستی دەزانێ و بێ سێ و دوو بەرەو ورمێ ڕێ دەکەوێ!

**

لە سێ ڕێی، نەغەدە ـ مەهاباد ـ ورمێ، تووشی ئامبۆلانسی هەڵگری تەرمی ناسکێ دەبن!

هومێد، بە خاوەن تاکسی دەڵێ:

ـ ڕامەوەستە!برۆ بۆ ورمێ!

**

لە بەردەرکی خەستەخانە، هومێد خێرا لە تاکسی دادەبەزێ و بەرەو نهۆمی چوار، کە شوێنی پێشووی ناسکێ بووە وەڕێدەکەوێ! هەرچەند پاسەوانی بەردەرکە و پەرەستارەکان سەر ڕێگای دەگرن، بێ فایدەیە!

هومێد، خۆی داوێتە سەر جێگای بەتاڵی ناسکێ و تێر تێر، جێگاکەی ماچ دەکا!

پاشان بەرەو پەنجەرە وەڕێ دەکەوێ و لە کاتێک دا دەڵێ:

ـ ناسکێ گیان ئەوا منیش هاتم!

خۆی لە پەنجەرەوە فڕێ دەداتە خوارێ!



گڵکۆی هومێد و ناسکێ لە شارۆچکەی ڕەبەت

هەموو ئەوانەی چاویان لە کەوتنە خوارەوەی هومێد دەبێ دەڵێن:
ـ هەر دوو دەستی وەک دوو باڵی پەلەوەرێک کردبۆوە و وەک ئەوەی هەڵبفڕێ بەرەو زەوی دەکەوێتە خوار!

**

لە گۆڕستانی ڕەبەت، دوو تەرم لە ناو پەژارە و گریانی خەڵک، لە پەنا یەکتر دەنێژرێن!
لەوە بەولا ئەو دوو گۆڕە دەبێتە زیارەتگای عاشقان!
ئەوانەی بۆ یەکەم جار، دەچن بۆ زیارەتی ناسکێ و هومید، هەست دەکەن هەر دووکیان دەبینن دەست لە ناو دەستی یەکتر بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن!
زۆر کەس دیویانە؛ کە گەلێ شەوان، بە تایبەتی ئەو شەوانەی مانگ چاردەیە، لە کاتی نیوە شەودا دوو تیشکی ڕوون لە سەر قەبری ناسکێ و هومێد را بەرەو ئاسمان دەچێ!
دەنگۆ دەڵێن:
ـ لەو ڕۆژەوە ناسکێ و هومێد وایان کردوە، لە تەواوی گەورک ، نەڵێن ، سوێسنی ، باسکی کۆڵەسە و شار و دێی سەردەشت، کەس نەبۆتە لەمپەری خۆشەویستی! هەر بۆیە خەڵکی ئەو ناوچانە ئەو دوو خۆشەویستە بە پیرۆز دەزانن و دێن بۆ زیارەتیان!

ئەم چیرۆکە لە سەر بنەمای ڕووداوێکی ڕاستەقینە نووسراوە کە لە شارۆچکەی ڕەبەت سەر بە شاری سەردەشت ڕووی داوە



بانە. ک.د.ئازاد

## خۆشەویستی

گەڵای زەردەی
ئەم دارستانە پێم دەڵێ:
هەر سەرەتایەک ئەنجام و
هەر ژیانێک مردنێک و
هەر بەهارێک پایزێکی
بە شوێن دادێ!

تەنیا خۆشەویستی نەبێ
نابڕێتەوە
هەرگیز هەرگیز
بەهارێکە بە بێ پایز!



## عومری بێ بەهار

سەقز. عەتا ساڵح پوور

چ ئازارێکی نامۆیە کە ساڵانێکە دەی چێژم
لە شێعرێکی تەڕ و سەوزا مەگەر هەندێکی هەڵڕێژم

بڵا چاوی غەزەل چەشنی برووسکە و هەوری بارانی
بە تۆزی ڕووی دەبا بەشکم دەسەخشتێکی وێ پێژم

منی بێ بەش لە هەر چوار لا، نە ماڵێکە نە ڕەش ماڵێ
دەبا بەو خشتە پێژراوە، بناغەی ماڵێ داڕێژم

ڕەشە چارەم وەکوو خاڵێ ڕەشی کابە و سنووری رووی
دەنا بۆچی ئەبێ ڕەش بێ خەتی بەرماڵەکەی نوێژم؟

شەرابی خەم لە چاوانەی چەمەیلم گەر دەبێ جارێ
چ حوکمێکە کە بیخۆمۆ، چ سرڕێکە کە نەی ڕێژم؟

ئەوەی ئەیکەم، بە دەستی خۆم نیە پێمی ئەکا گەردوون
)خەییام (ئاسایی لەم کارە گەلێ کاس و وڕ و گێژم

ئەگەر عومرم"عەتا"ی تۆیە، ئەبێ چوار وەرزی تێدا بێ
بەهارم کوا؟ ئەدی قوربان بە غەیری تۆ بە کێ بێژم



## دیاری

مەریوان. رانا

خۆشەویستم
ئەگەر بمەوێ
دیاری جوانت بۆ بنێرم؛
ئەوەی ڕەنگی
هەست وسۆزی شێعرێکم بێت
پڕ لە وشەی ناسک و جوان
بۆت دەنێرم.

وەرە تاکوو دڵمان بەش کەین؛
شێعرە کاڵەکانم بۆتۆ
وشەی باخی دڵت بۆ من
وردە خاڵەکانم بۆ تۆ
ورکەی ناخی دڵت بۆ من
پاییزو خەزانم بۆ تۆ
گەڵای زەردی خەمت بۆ من
هەنارو بێستانم بۆ تۆ
ماچی گۆناو دەمت بۆ من
من دەبم بە پاسەوانی
خەونەکانت
چێ خەیاڵ و خەونی جوانە
با بۆ خۆت بێ
هەرچی ئاخوو درد و ژانە
با بۆ من بێ

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## فڕین

سنە ، شیلان گەیلانی

لە ئێوارەساتی دواڕۆژی کام وەرزا
هەڵگیرساوم؟
ڕوو لە هەرکوێ دەکەم
تاریکستانە
ڕۆچنەکانیش وەک ئەشکەوتی "حەرا"
بە داوی جاڵجاڵۆکە
تەنراون
ئۆکسیژن...
لە درزی هێلەساوی ژوورەکەمدا
بە پێدزە
ڕۆ دەچن
من دزدمۆنای ١٤٠٠ ساڵانم
بە داسی ئوتێللۆ
درەو کراوم.
هاوڕێ!
ئەگەر نەبمە ڕایەخ
تۆ نابیتە دارستان
گەر نەبم بە ئاڵا
کوا تۆ دەبیتە کوردستان
پەنجەرەکەم لێ بکەرۆ
ژانی فڕین ئەمگرێ
با سنوورەکان
ببەزێنم



## شێعر: فرووغ فەڕڕۆخزاد

وەرگێڕ:سەردەشت. محەممەد عەلیزادە (هێرش)

جلی بووکێنیی لەبەر دا دەیگوت:
چییە لەو ئەڵقەیەدا شاراوە؟
کە لە پەنجەم دەکرێ وەک زنجیر
وەکوو لاو لاوە کە لێی هاڵاوە

ڕازی ئەو ئەڵقەیە وا ڕوخساری
دەدرەوشێ وەکوو ڕۆژی ڕوونە
کوڕە شێوا بە قسەی کیژۆڵە
گوتی: ئەڵقەی بە بەخت شاد بوونە

هەموو پیرۆزی دەکەن ئەڵقەی وان
کچە ئەمما لە گومان دابوو هەر
کە ئەگەر بەختی دەهێنا بۆچی
دەگوشێ پەنجەگەلی وەک گەوهەر

تێپەڕی ساڵ و زەمەن، شەوگارێ
ژنە لەو ئەڵقەیە زێڕەی ڕا ما
کۆمەڵێ ڕۆژێ هەدەر چووی بینین
کە کرا خوێ بە هەناوی زاما

بە سکاڵاوە دەگریا هاوار
ئێستە زانیوەیەتی ڕازی زۆر ورد
دەدرەوشێ وەکوو ئاوێنەی گەش
ئەڵقەکەی زێڕە بەڵام کۆیلەی کرد



## ماچی تۆ

مەریوان. عوسمان شێرزاد

ڕۆحی لێ کردوومە شانە مێشەهەنگی ماچی تۆ
شێتو هارێکە، نەما بۆ چێژەبەنگی ماچی تۆ

لێوەکانت هۆشبەرن ،هۆشم نەماوە سەربەسەر
ئاخ لەبەر لێواری شەکری شۆخ و شەنگی ماچی تۆ

تابەکەی لابەم لە تەقیەی کافری لێوت گوڵم
کوانێ تەققەی سەر لە ئاسۆی بەرزی دەنگی ماچی تۆ

سوڵحی بەینی دەم لە پاشی شەڕ دەڵێن خۆشە وەرە
لێوەکانی خۆم دەنێرم بێنە جەنگی ماچی تۆ

شێتەکەی خۆم ، تاقەیارم خۆشەویستی گیان و دڵ
قاچی شێعری شێتو شوورم بۆتە لەنگی ماچی تۆ



## پاییزە

مەریوان. شوان کوردستانی

پیری تەوژمی داوەسە سەر
ڕەوڕەوی ئەم تەمەنە
لێم دەوەرێ
گەڵای زەردی خەم و
کزەی کۆستی بێ تۆیی،
شەماڵ و زریان و وەرز و ساڵ
هات و ڕۆیی
ئەوەی مایەوە
ڕیشەی دایەوە
داری بیر و هۆش و بە سەرهاتم بوو
بارانی بێ ئامانی
ئاسمانی چاوانی بێ کات و ساتم بوو
ئەوەی مایەوە
تۆ بووی و نەبووی
من مامەوە لەگەڵ نەبوونت
لەگەڵ چوونت
لەگەڵ هەزاران هومێدی شەهیدم
لەگەڵ جانتایەک نامەی سەربڕاو
لەشکەرێک قسەی کوژراو
سەدان تیری ماچی بەجێ ماو ،
ئەم پاییزە
هەمووی دەنووسمەوە سەر
پیرە گەڵاکانی ژیانم
سواری یەکەم شەمەندەفەری با"یان کەم و
بەرەو وێستەگەیەک نادیار بنێرم
لەگەڵ یەکەم با"وە
خۆیشم
سواری تۆی داری ئەقاقیا دەبم و
دەچمە دڵی خۆڵی جێژوانێک
تا بەهارێک
ببمە دارێک
گوێ بگرم بۆ شەققەی ماچ و
شێعر و پێکەنینی دڵدارێک ...!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



ئامادە کردنی: نێرگزعەبباسزادە( کچی ئاربەبا)

## بە کەمترین ئامێر و خزمەتگوزاری ئەتوانی گەورەترین کارەکان پێک بێنی







**سەقز. حامید ڕەزایی**

شێوەکار و نیگارکێشی کورد

لە پانزەی خەرمانانی ساڵی ١٣٥۴ هەتاوی لە شاری مێژوویی سەقز چاوم بە دنیا هەڵهێنا و هەر لە منداڵیەوە هۆگری دونیای هونەر بووم و خولیایەکی زۆرم بەرانبەر نیگارکێشی و شێوەکاری بوو و تا ئێستاش هەر ئەو ڕێگەیە ئەپێوم بەڵام بە داخەوە بە پێی بارودۆخی ئەو کاتە نەمتوانی کە بە شێوەی ڕەسمی پەرە بە هونەرەکەم بیەم تا ئەوەی کە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لای مامۆستای بەڕێز کەمالی تاتائی لە سەقز بە شێوەی تەجروبی دەستم بە کار کرد

فەننی پێنووسی ڕەش و ڕەنگ ڕەوغەنیم لە لای ئەوان تاقی کردەوە و فێری بووم.

لە ساڵی ١٣٩٨کە ئەندامی ئەنجومەنی هونەرەکانی تەجەسومی شارستانی بانە بووم و لەوێ بە شێوەیەکی باشتر و پسپۆڕانەتر دەست بە کار بووم و توانیم سەرکەوتنی زۆرتر بە دەست بێنم

شێوەکاری و نیگارەکانم بە فەننی خۆمەشی یەک ڕەنگ و ڕەنگاوڕەنگ بە تۆمار گەیاند و لە چەن بەشی جیاوازی کە وەک فەننی قەڵەمی ڕەش، خۆمەش، میداد ڕەنگی، ئاورەنگ، ڕەنگ ڕۆغەنی، خەڵووز ۆ ئەکریلیک...توانایيەکی باشم هەیە

مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٩لە فستیڤاڵی شێوەکاری و خۆشنووسی بە فەننی خۆمەش لە لایەن کۆمپانی دروستکەری خۆمەشی سەدەف بە نوێنەری شەریکەی کەلوپەلی نووسیاری پاپیرۆس لە شارستانی بێهبەهان لە بەینی زیاتر لە ٢٠٠هونەرمەند توانیم پلەی یەکەمی نیگارکێشی و شێوەکاری بە خۆمەش بە دەس بێنم و لە بەرواری ٢٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٩بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ پێشانگای خۆمم بە فەننی خۆمەشی یەک ڕەنگ و ڕەنگاوڕەنگ بە ٥٠ئەسەری خۆمەوە کردەوە

یەکێ لە گەورەترین شانازیەکانی من لە ژیانم دا هەبوونی بنەماڵەیەکی گەورە و دڵسۆزە کە بە تایبەت هاوژینەکەم هەمووکات و لە هەموو شوێن گەورەترین پاڵپشت و هاندەرم بووە

**چەند دانە لە نموونە کارەکانی ئەم هونەرمەندە:**









# گیا، لە سەر پنجی خۆی شین دەبێتەوە

ڕەبەت. محەممەد نەسروولڵازادە

زۆر منداڵ بووم, بە حووکمی ئەوەی مامۆستایەکی ئایینی پسپۆڕ  لە دین و بێ منەت لە ژین, خوا ویست و خەڵک خۆشەویست لە دێیەکەی ئێمە (گوندی گۆڵێ) بە ناوی مامۆستا مەلا حەسەنی سەعدیزادە ی لێ بوو، زۆربەی کاتان مەلا و فەقێ هاتوچۆیان هەبووە بێجگە لەوەش ئەم مامۆستا بەڕێزە تا کۆتایەکانی تەمەنی پیرۆزی حوجرەی هەر ئاوەدان بووە  و فەقێی هەر هەبوون. نازانم بڵێم لەبەر چی, بەڵام هێندەی لە بیرم بێ چوونە نێو کۆڕ وکۆبوونەوەی حوجرەی فەقێیانم پێ خۆش بووە.

نەبێتە خۆ هەڵنانەوە و بە خۆدا هەڵگوتن, دە توانم بڵێم مێرمنداڵ بووم کە خۆم خزاندۆتە نێو کۆڕی دانیشتن و شەڕە شێعر و شەوە شێعر و گۆرانی گوتن و یارییە باوەکانی ئەو سەردەمەی حوجرە.

هەر بەو هۆیەشەوە لە چاو هەرزەکاری و منداڵیم بەشێکی زۆرم لە مەلا و فەقێی ئەو سەردەمە دەناسین کە بە داخەوە بەشی زۆریان ئێستا لە ژیاندا نەماون. یە ک لەو مامۆستایانە، خوا لێ خۆش بوو مامۆستا ئەحمەدی دافعی بوو.

بەڕێزیان ئەو کات لە گوندی پاراستان مامۆستا بوو. زۆرتر بە مەلا ئەحمەدی پاراستان یان مەلا ئەحمەدی شوێیی دەناسرا.

باشم لە بیرە یەکەم جار لە بەهاری ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی بە خزمەتی گەیشتم. لەو بەهارەدا مامۆستایەک بە ناوی مەلا خدر خەڵکی وەرگێڵ ئیجازەی وەردەگرت, دەتوانم بڵێم نیزیک  ٥٠٠ کەس  بۆ ئەو ئیجازەنامە داوەت کرابوون کە بەشی زۆریان مەلا و فەقێ بوون. خۆ ئەگەر بمهەوێ هەر ئەوەندەی لە بیرم ماون ناویان بنووسم چەند لاپەڕەیەکی دەوێ. زۆر بە داخم ئەو وەخت وەک ئێستا دونیا پێشکەوتوو نەبوو هەتا فیلم و وێنە هەڵگیرابایە و ئەو کۆبوونەوە جەماوەریە گەورەی ئەو زەمان کە سێ شەو و ڕۆژان درێژەی هەبوو و خەڵکی گۆڵێ سەرەڕای هەژاری و نەداری ئەوەختی بە شانازیەوە میوانداریان خستە سەر شانی خۆیان، بە بەرەی دوای خۆی نیشان دابایە.

هیچ خۆ بەکەم گری نییە کە بڵێم لە مێژە بیر لەوە دەکەمەوە چەند لاپەڕەیەک لەسەر ئەم بە ڕواڵەت ئیجازە نامە و لە ڕاستیدا کەرنەڤاڵە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیە بنووسم، بەڵام نەموێراوە خۆی لە قەرە بدەم.

لە وتاری مامۆستایان و بەشداربووان ڕا بگرە هەتا شانۆ گەری سەیر و سەمەرە کە بە ڕێوە چوون، بەشی زۆریان تەعبیریان لە زووڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی ئەوکات و بەشی مەینەتی کۆمەڵگا دەکرد.

زیادە ڕۆیی نییە کە بڵێم لە پاش چل و هەشت ساڵ هێشتا بەشی زۆری ئەم شانۆ و وتارانە لە مێشکمدا کاڵ نەبوونەوە و ئێستاش زۆر جاران دەگەڵ هاو تەمەنەکانم وەبیر خۆیان دێنینەوە و قسە و لێکدانەوەیان لەسەر دەکەین.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی دافعی ڕۆڵی سەرپەرەستی و بەڕێوە بردنی کەرنەڤاڵی لە ئەستۆ بوو. بێجگە لەوەش وەک بەرپرسی بەشی قەزایی واتە قازی شەرعی ئەم کۆڕە دیاری کرابوو. شکایەت و تاوان و کێشە و ناکۆکی و هەڵەی نێو ئەم فێستیڤاڵە کە هەمووشی شۆخی و تەنز بوو دەچووە بەر دەستی مامۆستا ئەویش لە دوای دادگایی کردنی ڕواڵەتی حاکم و مەحکوومی دیاری دەکرد و سزای بەسەردا دەسەپاندن. هەر سزایەکی دیاریشی دەکرد یەک لە یەکی سەیر تر. بۆ وێنە دەبوو کابرا سێوی بە دەزوو هەڵواسراوی بە ددان بخوا و دەستی بۆ نەبا، سیگار بە لووتی بکێشێ، دەم لە قاپە ماست نێ نەهێڵێ لووتی ماستاوی بێ....

خۆ هەرکەسیش نەیتوانیبا حووکمەکە جێ بە جێ بکا لە پێنج تمەن ڕا هەتا پازدە،بیست تمەن لە بەرژەوەندی حوجرەی فەقێیان جەریمە دەکرا.

با نەیکەمە حیکایەت بەڵام بەڕاستی قسەخۆشی و نەستەق بێژی و شیرین ڕاوێژی مامۆستا سەرنجی هەموانی ڕاکێشابوو. ئەگەر بۆ چەند کاتژمێرێکیش دیار نەبایە جێی دیار بوو. بۆ چەند جارێک لە چەند شوێن مامۆستام زیارەت کرد، زۆرم لەقسە خۆش و نەستەقەکانی وە بیر ماون، دەگەڵیان دەژیم. هێندێکانم لە کتێبی وشە زێڕینەکانیشمدا هێناون.

مخابن, لەم دوایانەدا بە هۆی گەڕانەوەی مامۆستا بۆ زێدی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لێمان دوور کەوتەوە. ئێستا ئەو چۆتە بەر دلۆڤانی خوای گەورە و ئێمەش دەگەڵ بیرەوەرییەکانی دەژین و داوای ڕەحمەت و لێ خۆشبوونی بۆ لە خوای مەزن دەکەین.

❋❋

ڕەنگە بڵێم پازدە شازدە ساڵ دەبێ دوو یان سێ هەڵبەستم بە دەست دۆستێکی بە ناو شاعیرەوە دی. بۆی خوێندمەوە، دەگەڵ ئەوەی کورتە شێعر بوون زۆریان سرنج ڕاکێشام. شاعیر گوتی شێعری خۆمن و مۆرکی کەسی بەسەرەوە نییە. نایبەمە بن گڵی لە دڵەوە بەقام پێ نەکرد، بەڵام نەشمزانی شێعری کێن.

ڕەنگە بڵێم ساڵێک زیاتر پێ چوو شەوێکی لە شاری بانە دەگەڵ خزمێکی خۆم باسی شێعر و شاعیر و ئەدەبیاتمان دەکرد، ئەو دۆستە گوتی لێرە پیاوێکی لێیە بە ناوی کەریم دافعی شێعر زۆر جوان دەنووسێ زۆر بوێر و ئازا و چاو نەترس و لە خۆبوردوویە. وەک بولبول دەچریکێنێ و جوان نووسێکی کارامە و شاعیرێکی خامە ڕەنگینە. ناسناوی شێعری ک.د.ئازادە .

دەستی لە باخەڵی نا کاغەزێکی دەرهێنا چەند شێعرێکی بۆ خوێندمەوە کەچی بۆ بەدشانسی یەکێک لە شێعرەکان هەمان شێعری ئەو ڕەفیقە شاعیرەم بوو کە دەیگووت شێعری خۆمە. نەمکردە نامەردی شێعرەکەم نووسییەوە و لە تەنگەی باخەڵم نا.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

لە پاش گەڕانەوە چاوم بەو دۆستە کەوت و پێم گووت شێعرێکم نووسیوە بۆت دەخوێنمەوە بزانە چۆنە. شێعرم بۆ خوێندەوە و زۆری ئافەرین و بارەقەڵڵا دامێ و دەستی کرد بە بۆڵە و پرتە و پێی گوتم لە خۆڕا شێعر نانووسی، وەڵڵا کەم کەس شتی وا جوانی بە بیردا هاتووە. زەردەخەنێکم بۆ کرد و پێم گوت: پیاوی چاک ئەوە هەمان شێعرە کە جەنابت دەتفەرموو شێعری منە، خێرە ئێستا شێعری خۆت ناناسیەوە؟ رە نگی بزرکا و منەمنێکی گرتەوە و منیش ناوی شاعیرە ڕاستەقینەکەم بۆ ئاشکرا کرد. ( گۆڕەپانی ڕمبازێنی درۆ زۆر بەرین نییە)

هەتا ساڵەکانی ١٣٨٧ و ١٣٨٨ ی هەتاوی ک.د.ئازادم لە نیزیکەوە نەدیبوو بەڵام جار و بار لێرە و لەوێ گوێ بیستی هۆنراوەکانی دەبووم. زۆرم بە کەیفێ بوون و قدیلکەم پێ دەهاتن. زیاتر تامەزرۆی دیداری شاعیر دەبووم. لەم ساڵانەی ئیشارەم پێکرد ڕۆژێک دۆستێکی هاوبە شمان کە ماڵی لە ڕەبەتە گووتی: ئەمشۆ میوانم هەن منیشی بانگهێشت کرد.

ئێوارێ بەرەو ماڵی خانە خوێ چووم. لەدەرکەم دا و وەژوور کەوتم. لەگەڵ سڵاو و چاک و چۆنی بە پێی نەریت ساحەب ماڵ بە یەکتری دەناساندین. کاک محەممەدی حەسەنپوور, کاک ئەمین گەردیگلانی, کاک کەریم دافعی و... . بەناوی کەریم دافعی هەڵبەزێکم کرد و ئاوڕێکم وەسەر داوە. جارێکی دیکە یەکترمان ماچ کرد. پیاوێکی دەستە پیاو، سەر و سمێڵێکی ماش و برینجی، موویەکی پڕ، چاو و برۆ ڕەش، دەم بە بزە و ڕوو خۆش و خوێن شیرین. هەرچەند یەکەم جار بوو یەکترمان دەبینی وام هەست دەکرد لەمێژە دەیناسم. نامۆییم لێ نەکرد. خۆماڵی لەگەڵم دوا. پیاوێکی خۆش ویژ بوو. ئازایانە دەدوا. لە بڤە سڵەی نەدەکرد بە خۆیان وشەی ڕەسەن و پەتی دەهاتنە سەر زار و زوان.

بە تۆزێک سەرنج و ورد بوونەوە هەستت دەکرد ( گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە) کوڕ و میرات گری بەحەقی بابی خۆیەتی. مامە خەمەیە و خەمی زۆری لە کۆڵ ناوە. بە دەرد و ژانی نەتەوەوە دەتلێتەوە. بۆ گەلی دەچریکێنێ بە هەڵبەست و هۆنراوە لە گژ خۆخۆر و خۆگەزان ڕا چووە. فیکە هەی دێی لە نەیار و ناحەزان کردووە. لە مینبەری شێعرەوە بانگی یەکسانی و یەکگرتن دەوێژێ. سەر ڕاوی بۆخۆی گرتووە و لەسەر تەماڵ قۆنگرۆکێ دەچڕێ.

ماڵی خانەخوێ ئاوەدان بێ شەوێکی پڕ لە شێعر و شیرینمان بردە سەر. ئیتر لەوێوە یەکترمان ناسی و وەک مامۆستا و قووتابی ماوینەوە وماڵم قەبرە پێی لێ نەبڕیوم و هات وچۆ و پەیوەندیمان زۆرە.

ماوەتەوە بڵێم خوای گەورە تەمەنی مامۆستا ک.د.ئازادمان بۆ خزمەت بە ئەدەبیاتی کوردی درێژکا. لەش ساغ و ڕاوەستاو بێ انشاالله.

خوێنەری هێژا ئەوەی خوێندتەوە دیاری کۆلکە نووسەرێکی بناری تەرخان لە دەڤەری گەورکان بوو بۆ گۆڤاری بە پێزی لە داوێنی ئاربەباوە.

دەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەک:

محەممەد نەسروولڵازادە ١٢ی ڕەزبەری ٩٩ی هەتاوی



# شاعیر و وێژەری کورد، ژینەژان و شۆڕشی ئەدەبی

سەردەشت. حەسەن ڕەوش ( پارێزەر )

مێژووی ئەدەبی نووسراوی جیهان لە سەرەتا تا ئێستا و بە هەموو چاخەکانیەوە، بەرهەمی بیر و مێشکی شاعیران و وێژەرانی هەموو نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوییە.
هەموو نەتەوەیەک ئەدەبی نووسراو و نەنووسراوی هەیە.
هێندێکیان مێژووی نووسراویان چەند هەزار ساڵەیە و هێندێکیان لە چەند سەدەیەک تێپەڕ نابێ.
بەڵام هەموویان لەو ئەدەبە جیهانییە هاوبەشن، هەرچەند نکوولّی لە پشکی زێدەتری هێندێک نەتەوە ناکرێ.
ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە ماڵی ئەدەب،
ماڵی هەموو گەلانە، هیچ گەلێک بە بێ ئەدەب و مێژووی ئەدەبی نابێ.
هەموویان خاوەنی بنجینەی ئەدەبین،
پێش کەوتن و ناودار بوون لە دنیای ئەدەب دا گەلێ هۆکار و هەلی تایبەت دەخوازێ.
مێژووی ڕامیاری، جوغرافیا، دەسەڵات، ئایین، سەربەخۆیی و ... هۆکاری سەرەکین لە پێشکەوتن و گەشەی ئەدەبی .
ڕەنگە هەموومان کەم تاکورتێک ناودارانی ئەدەبی جیهانی بناسین، کە پێویست بە ناوهێنانیان ناکا، هەرنەبێ ئاشنای بەشێک لە نووسینەکانیان، یان ڕێچکە و ڕێبازەکانی ئەدەبییان هەین.
من نکوولّی لە ئافراندنی بەرهەمەکانیان، یان ئەو چاخە ئەدەبیانە ناکەم خوڵقاندوویانن کە جاری وابووە گۆڕانی جیهانی بەدوو دا هاتووە.
هەروەها ئەو ئاشقە سەرشێتەش نیم ئەشقی یاری خۆم چاوی کوێر کردبم و هیچ جوانییەک و هیچ ئەوینێکی تر نەبینم!
بەڵام پێمخۆشە هەڵسەنگاندنێک لە نێوان شاعیرانی کورد و شاعیرانی جیهانی بکەم و هێندێک ڕاستی بخەمەڕوو.
ناودارانی ئەدەبی جیهانی یان خاوەنی حکومەتی خۆیان بوون یان شاعیری دەرباری دەسەڵاتداران، زۆربەیان هاوکاری نەتەوەییان لە پشت بووە جگە لەوەش دەرگای هەموو زانستەگە و زانکۆیەکیشیان بەڕوودا کراوەتەوە.
بەڵام هۆنەر و وێژەری کورد زانستەگە و زانکۆی نەدیوە، پشتگیری هیچ دەسەڵاتێکی لە پشت نەبووە، لە خاکی خۆی بە بێگانە حیسابی بۆ کراوە، حکوومەت و دەرباری نەبووە تا هەلی بۆ بڕەخسێنێ، بەردەوام لە ژێر زەختی ئیمپراتۆری و زلهێزاندا بووە، تەنانەت نووسین بەزمانی زگماکیشی لێ قاچاخ بووە!

ئەوەی لێرە دا جێگەی سەرسووڕمانە ئەوەیە جاری وا بووە، وێژەری کورد لە گوندێکی قووڵ و دوورە شار ژیاوە، ڕەنگە تەنها سروشتی دەوروبەری خۆی دیوە و ئاسمانی سەرسەری،
شاعیرمان هەبووە بە منداڵی دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە و بۆتە ئاشەوان و چەند ساڵ لە سجن بووە و هەموو گوندێکیش بۆ بژێوی ژیان گەڕاوە، بەڵام دیوانی شێعری ٦٠٠ لاپەڕەیە و ئێستا بە شاعیری هەژاران ناوی زڕاوە.( قانع ).
لە لایەکی تر شاعیرمان هەبووە لە خانەقا دەرکراوە! بۆخۆی دەڵێ شار و گوند گەڕاوم تا پاروە نانێک پەیدا بکەم و قەرزاری ماڵ و مناڵم نەبم، کەچی بەو حاڵەش وازم لە خوێندن نەهێناوە، هەر ئەو بلیمەتە ئێستا بەرهەمەکانی وێردی سەرزاری خەڵک و کۆڕ و کۆبوونەوەکانن( مەلا ساڵح حەریق).
گەلێک لە شاعیرانمان هەر نەبێ چەند ساڵێک میوانی سجنی تاریک و ناخۆش بوون و ئێستا دیوانەکانیان کتێبخانەی کوردیان دەوڵەمەند کردووە و ڕازاندویانەتەوە. ( سوارە، ڕاوچی، قزلجی، ئاوات و. ... )
زۆرن ئەوانەی هەموو تەمەنیان یان نیوەی تەمەنیان دەربەدەر و ئاوارە بوون ( هەژار، هێمن، هێدی و. ... ) ئەگەر بمهەوێ نموونە بێنمەوە، دەیان لاپەڕە دەخوازێ بەڵام بەو چەند نموونە بەسەندە دەکەم.
بەڕێزانم کاکڵی مەبەستی ئەو وتارە ئەوەیە: سەرەڕای ئەو هەموو نەدامەتی، دەربەدەری، سجن، هەژاری، ئاوارەیی، بێ پشتیوانی و بێ زانستگەییە، بازی خەیاڵی شاعیری کورد هەموو سووچێکی ئەو جیهانە گەڕاوە و خۆی بە ژووی هەموو هەژار و زۆردارێکدا کردووە،
هەموو چاک و خراپێکی دیوە بە خەیاڵ بەرهەمی خوڵقاندووە.
شاعیری کورد لە بواری زانستی ئەدەبی و بەرهەم، هیچی لە شاعیری بێگانەی هاوچەخی خۆی کەم نەبووە بەڵکوو لە زۆربەی شوێنان پێشەنگ بووە.
هەرچەند پێش هاتنی ئیسلام بەرهەمی نووسراوی ئەدەبیمان نییە ئەگەر هەشبێ بە دەستەوە نییە، بەڵام دەوری ئەدەبمان هەبووە نەنووسراوەتەوە کە ئەدەبی سەرزارە.
لەگەڵ هاتنی ئیسلام دووهەم چاخی ئەدەبی هات وێژەرانمان دووهەم دەوریان خوڵقاندووە.
دەوری سێهەمیش دەورێک بوو شاعیر و بوێژی کورد سەربەخۆیانە هاتە مەیدان.
لە دەوری سێهەم بوێژی کورد بوونە چەند بەش ( نالی)، کاری لەسەر وشەکرد، ( مەولەوی )،هەوڵی خۆی بۆ واتا و ناوەرۆک خستەگەڕ.
( فایەق بێکەس) ڕۆحی شۆڕش و هەستانی خەڵک بوو.
کەچی زۆر بە داخەوە ئەوە ئێمەین شۆڕەسوارانی مەیدانی ئەدەبمان ناناسین و ڕێچکە و ڕێبازی ئەدەبیان پێ نازانین، ڕێز لە ئەدەبمان ناگرین، ڕێز لە زمانمان ناگرین، ئەگینا شاعیری کورد دەبێ لە هەموو ماڵێک و هەموو شۆێنێکی گشتی کۆتەڵی ئاڵتوونی بۆ ساز بکرێ و لە کاتی چاوپێکەوتنی دەستی ڕێزی بۆ بەسینگەوە بنێین.



سەقز. ماهپارە ئەمینی

له هەڵوەرینی ماچەکانی
بەهار ناگەم
لەشێت بوونی زمان ناگەم!
خۆم بەتووڕەیی ڕازەکانت
ئەسپێرم
ونم ون
ون بوونم بخوازە
لەشەقامی نیگاتا
مەستانە پێ دەنێمە دیوانت
دەمەوێ تەنیایی بەشکەم
بە باڵی حەزەکانی تۆوە
تکایە دەرفەتێکی
بۆ عاشق بوونی باران
بخوڵقێنە تکایە
گێڕاتەوە کەهاتیەوە
ئێوارەیەکی پایز بوو
گێڕاتەوە
سوپای ڕەشە(با)
بۆسنووری خۆیان کشانەوە
باران گەڕانەوە
بۆ وڵاتی هەور
چۆنم ناناسیەوە!
خۆمم خۆم
تە نیا تەمەنێ دور بووین
چاوەڕوانی هاتنم
لەم خەڵوەتخانەیە دا
فرمێسکەکانم
ئەکەم وڵاتێک
بێ ئەوەی سنوور
.....،.....
بێ ئەوەی
هەموو شتێک بێ خۆم



## تاسەی ئەوین

بانە. شەیدا ئەحمەدی

بە ئەوینت وا شەلاڵم
کە هەست دەکەم خۆم بارانم
بزەکانت هێندشیرینن
ئەبن بەهەنگ، لێوەکانم
بە جۆرێ مەستی نیگاتم
هیچ شەرابێ
وا بە خەستی مەستم ناکا
خەیاڵت وا داپۆشیوم
هەرگیز شێعر
هێژموونی لە هەستم ناکا

## چاوەڕوانی

کاتێک
دەڕۆی بۆسەفەر
دڵم پڕلە ماتەمە
نیگاکانم دەپێوێ
ڕێچکەڕێی گەڕانەوەت
تەنیا دڵی ئەوین دار
خەمی هیجران دەزانێ
سەراپا دڵ ئەویندارتم ئەویندار
بەو هەستەوە چاوەڕێتم چاوەڕێ
فەڕشی دڵم ڕادەخەم
هەناسەکەم وەگەڕێ



کامیاران.پاڵنگان.لۆتفوڵلا فەتحی(هەورام)

زوان نیشانەو خەڵکوو نەتەوەین
زوان قەوڵنامەو ریشەو ڕەتەوەین
زوان ناسنامەن خوڎا کیاسەن
وانایشوو زانایش ئاواتوو تاسەن
واتەنشا فارسی شەکەرەن شەکەر
بەقیەو زوانەکا گرد بیێنێ پەکەر
هەرزوانێ پەی وێش تامش شەکەرەن
بەڵکوو چوون هەنگوین جەحەد بەدەرەن
هەر گیانداریوە زوانوو وێش ماچۆ
نمەێ زوانێتەر بەناحەق پاچۆ
ئێمە پەی زوانی نەمانما تیشە
هەر کاتت زانا یاوایمێ ڕیشە
تکاو لاڵەمەن برا ئەی واڵێ
زوانتا نەوزدێ دلێ سیاو چاڵێ

**

پەی ژەمەو شەوێ سفرەما هاڵین
عۆمری بێهوودە وەرمی پووشاڵین
نان بیەن جەلاد حۆکمش بیەن تیر
گیانما بە فیڎای نان بیەن ئەسیر



هاودەرد

مەریوان. ج.م.هەڵبەست

له گریانی هەور دەگەم
کاتێ کە "با" ڕایدەماڵێ!
له ئازاری
گەڵا دەگەم؛
کە گڕەبا ،
له بەژنی زەردی دەئاڵێ!
من شاعیری خاکێکم وا؛
بە هەزاران گێژەڵووکەی
زام و ئازار
دەیگەچڵێنێ و
دەیتەزێنێ
سەدان "زریان"!
بۆیە شیعرم پڕە له ژان!
له فرمێسک و
ڕێژنەی گریان!!

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## من و پاییز

بۆکان. کاوە داشبەندی

پاییز ئەی بووکی جل و بەرگ زەرد
تۆش هەر وەکوو من دڵ پڕی لە دەرد
تۆ زەرد هەڵگەڕای بۆ گەڵای داران
منیش بۆ خۆشی ژیانی جاران
تۆ بۆ بولبول و گوڵاڵەی کوێستان
من بۆ پەژارەی نەمانی دۆستان
تۆ بۆ چرۆ و گوڵ زەردت پۆشیوە
من بە دەستی خەم ڕەنگم پەڕیوە
تۆ بۆ هەواری چۆڵی مەلانت
بۆ بێری و دەنگی بلوێری شوانت
من بۆ هەژاری و ناڵەی نەداران
بۆ ئەسری چاوی ڕۆڵەی هەژاران
تۆ بۆ جریوەی قومری و قەناری
من بۆ بێ کەسی و دەردی هەژاری
تۆ بۆ کانیاو و خوڕەی هەڵدێران
بۆ خرمەی بازن، جەفەنگی بێران
من بۆ نەمانی شادی و پێکەنین
بۆ ڕۆژانێکی پڕ خۆشی و ئەوین
تۆ بۆ هێلانەی سارد و سڕو چۆڵ
بۆ وشکەڵانی کەژ و کێو و دۆڵ
من بۆ سڕ بوونی خێوەتی دڕاو
بۆ کۆرپە کوردی لە قوڕدا گەوزاو
تۆ بۆ پیاسەی کیژی شاخەوان
بۆ دەنگی شاهۆ و بۆ قاسپەی کەوان
من بۆ پێی پەتی کۆڵبەری شاخان
جەرگم کون کونە بە ئاخ و داخان
تۆ بۆ هاتنەوەی سەوزە و گوڵ گیا
لە ناخی دڵا خۆزگەتەو بریا
من بۆ بینینی بەهاری شادی
بۆ ژیانێکی بێ نامورادی
هەر دووک چاوەڕێی وەرزی بەهارین
هەر دووک وێنەی یەک مات و خەمبارین
تۆ بۆ سروشت و من بۆ گەل و هۆز
چاوەڕوان دەبین بۆ جێژنی نەورۆز
جێژنی بەهارمان پێکەوە دەگرین
لە سەر ئەو بیر و باوەڕەش دەمرین



## بێکاری

بۆکان. سەید یاسین قورەیشی

هیـــچ کارو بارێ نییە، نـە تـەرحێ، نــە پرۆژە
نەپارەیەکە بکرین، تۆوی گـــوڵەبــەڕۆژە

بیــتڕووکێنین قــەرتەقرت، تاکونێ دەنکی ئاخر
قسەی خۆشی بۆبکەین، تەک هاوالان لە دواتر

لـــە هەتران و لـەپەتران، لەبیرەوەریی جـاران
یادێ بکەین لە زانکۆ، ئێمــە خێڵی بێکاران

هەموو بێکارو بێ بار، لیســانس، ماستێر، دوکتۆرا
هێندمان شەقام میتر کرد، کەوش و کاڵەمان دڕا

ئەوەی بوومان دامانا، لەڕێی زانســــتگای ئازاد
سامانی باب و خۆمـان، لەخـۆڕایی دابەباد


شەوان دەکەین، چەت و مەت، یەکتردەکەین ئەدو لینک
هەموو ڕشتەمان تێـدا، ئایتی، ئیلیکترۆنیک

بۆ زانـــکۆ دەدەی دراو، تێڕم تێڕم بەلێـــشاو
باپێت بلێم نەبی خاو، بۆت نابێ بە نان و ئاو

ڕاست و ڕەوان پێوبێــژم، بۆچی بلێــم ئاوانین
تا «ئیتلاعی ساڵەوی» مووچــە خۆری باوانین



# کورتەیەک لە مێژووی  جمناستیک لە شاری بانە




جمناستیکی بانە ساڵی ١٩٦٩، ئەنجامی تەقڵە لە سەر زەوی لە نێوان کەیفە و خۆشی مناڵانی گەڕەکی بانەکۆن لە بانە

**مامۆستای ڕاهێنەر نەجمەددینی فەتتاحی**
**دامەزرێنەری جمناستیک لە شاری بانە**

ناکرێ باسی وەرزشی جمناستیک لە بانە بکەین و ناوی نەجمەدین فەتتاحی نەبەین؛ چونکە هەر لە سەرەتاوە بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو بنیاد نراوە و دامەزراوە.

نەجمەدین فەتاحی، لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری بانە لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەم شارە تەواو کردووە و پاشان لە ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری وەرامین لە باشووری تاران بە ئەنجام گەیاندووە.

فەتاحی، هەر لە منداڵییەوە بێ ئەوەی ڕاهێنەرێکی بێت، خولیای ئەم وەرزشە بووە و بە پشتبەستن بە تواناییەکانی خۆی، جووڵە وەرزشییەکانی ئەم وەرزشەی لە نەبوونی هیچ ئامرازێکی جیمناستی، لەسەر زەوی و  چیمەن و سەوزەگیا  بۆ شاد کردنی دڵی مناڵان لە قوتابخانە و هاوشاریان ئەنجام ئەدا. لە ساڵی ١٩٨٣و لە سەر داوای هاوڕێکانی و بە پشتگیری مەجید بایزی بەرپرسی ئیدارەی وەرزشی ئەو کاتەی بانە، لە لایەن شەریف یاوەری، بەرپرسی دەستەی جیمناستی پارێزگەی کوردستان، نێردرایە یەکەم خولی ڕاهێنەرانی ئەم وەرزشە لە شاری تەبرێز.  ئەم خولە کە ماوەی یەک مانگ دەخایەنێت، بە چاودێری مامۆستای گەورەی کۆریای باکووری، کیم یون سێ، بەڕێوە چوو. پاش تێپەڕاندنی سەرکەوتووانەی ئەم خولە، فەتاحی بۆ یەکەم جار وەرزشی جیمناست لە یانەی وەرزشی پووریای وەلی بانە بنیات دەنێت. لەمە بەدواوە تا ئێستاش منداڵانێکی زۆر، بە حەز و تاسەوە ڕوویان کردۆتە ئەم وەرزشە و فەتاحی و ئەندامانی بنەماڵەکەی (وەک کەیوان و پوویا فەتتاحی) توانیویانە وەرزشوانانێکی باش لەم لقە وەرزشییەدا پەروەردە بکەن.



جمناستیکی بانە ١٩٦٩، ئەنجامی جووڵە جمناستییەکان لە لایەن نەجمەددین فەتتاحی ئەگەر شک نەبەم جووتێ پێی بە هێز، بە خواستی خۆم دەستم دکەم بە ئەستوون

لە خوای گەورە داوای تەمەن درێژیمان هەیە بۆ مامۆستای ڕاهێنەر کاک نەجمەددینی فەتتاحی و سپاس بۆ پوویا فەتتاحی بۆ ناردنی ئەم بابەتە بۆ گۆڤاری لە داوێنی ئاربەبا

ئامادە کردنی: نەسرین کەریمی

# ئایینی ئیزەدی



لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لانکی شارستانییەکان و ئایینە یەکتاپەرستییەکان، گۆڕەپانی خوێن و توند و تیژی، ناوەندی کوشتارە هەر خوێناویەکان و گەورەترین لێبوردەیی، کوردستان تاقانەیە. شارەکانی لە چوارڕیانی ڕێگا سەرەکیەکانی هات و چۆدان، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەناگەی نەتەوە ژێردەستەکان واتا قوربانیانی چەوساندنەوە و ئایینیەکان بوون.



کوردەکان بە نەوەی مادەکان دادەنرێن ئەوخیلە ئاریایی بوونکە لە هەزارەی دووەمی پێش زایینداا نیشتەجێی باکووری ڕۆژئاوای خاکی ئێران بوون. میرنشینە جیاوازەکانی ماد کە لە گەڵ ئاشووریەکاندا لە شەڕی بەردەوامدا بوون، لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا لە ژێر فەرمانڕەوایی دیجۆسێس کە ئەکباتان (هەمدانی ئێستا لە ئێران) کردە پایتەختی خوی یەک خرانەوە. لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، مادەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر وەڵاتی فارسدا سەپاند. لە ساڵی ٦١٢ پێش زایینی بە هاوکاری بابلیەکان نەبوخزنەسر بە تەواوی کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاشووریەکان هێنا. لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایینی سەرۆکی هۆزێکی فارس بە ناوی کیرۆس ئەخامینش (کیرۆسی مەزن) دەستی بەسەر میدیا داگرتەوە وکردی بە بەشێک لە ئیمپیراتۆری فارس. دواییش بوو بە بەهێزترین دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. زەردەشتی ئایینی فەرمی ئەخمینی بوو وا پێدەچێت بە سەر مادەکانیشدا سەپێنرا بێت. بەڵام مادەکان پەرەیان بە ئایینی تایبەتی خۆیان دابوو کە بیرو باوەڕی فریشتەکان بوو.

ئەگەر باش تێبینی بکرێت ئەم ئاینە کاریگەری بە سەر ئایینە خواییەکانی پاش خۆیدا هەبووە. ئەم ئاینیەکە بێگومان لە سیبێریای ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە و بەهۆی کۆچی هیندو- ئەورووپیەکانەوە گوێزرایە ناوچەکە، لە سەر دوو بنەما دامەزراوە: چاکە لە ئەهموورامەزدا بەرجەستە دەبێت ، خراپە لە ئەهریمەن. لە سەدەی پێنجەمدا بزووتنەوەی مەزدەکی سەری هەڵدا و دژ بە بنەماکانی توندی ئاینی زەردەشتی ئیمپیراتۆری ساسانی فارسی یاخی بوو. ئەم ئاینە کە لە چیاکانی زاگرۆس واتە شوێنی لەدایکبوونی مەزدەک، لە دایک بووە، بڕوای بە یەکسانی کۆمەڵایەتی لە نێوان مرۆڤ دا و هاوبەشی لە سامان و مولک دا هەبوو. بەڵام مزدەکان بە خێرایی بوونە قوربانی کوشتار و لەناوبردن و بزوتنەوەکەش لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پاش زایین نەما.

ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبووە، لە سەدەی ١٢ دا بوو کە بە هۆی داگیرکاریەکانی ئیمپیراتووری عوسمانی، ئایینی ئیسلام بە سەر زۆرینەی کورد سەپێنرا.لە سەدەی ١٦ دا زۆربەی هەرە زۆری کورد ناچارکران لەڕێگای جینۆسایدەوە کە ببنە موسڵمان، بەڵام تا ئێستاش زۆر لە داب و نەریت و بیروباوەڕەکانی خۆیان پاراستووە. زیاتر ڕێبازی سۆفیگەریان بەلاوە پەسەند بووە، چونکە زیاتر لە ئیسلام، کە لە عەرەبە بەدوەکانەوە بۆیان هاتبوو، لە داب و نەریتی هیندوئەورووپیەکان نزیک بوو.





لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا نزیکەی میلیۆنێک تا میلیۆنێک و نیو ئێزدی هەیەکە زۆربەیان لە کوردستانی ئێراق دەژین، هەروەها لە ئەرمەنستان و گورجستان ژمارەیەکی بەرچاو هەن، هندێکیان لە ئەورووپایرۆژئاوادا دەژین. هەندێکیانیش لە دەوروبەری جزیر و ماردینی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەژین، ئاینێکی تایبەتە بە کوردان،ئەمڕۆکە هەموو ئێزدیەکان کوردن. لە سەردەمێکدا زۆربەی کوردەکان ئێزدی بوون؛ و هەموو کاتی بە هەست و بیری مێژوویی زیندووی کوردەکان دەژمێردرێن ئیمپیراتووری عوسمانی بەناڕەوا تۆمەتی لە پەیڕەوانی ئەم ئاینە دەدا بە بیانۆی نەبوونیکتێبی ئەسمانی، بۆیە هەموو کات بەردووام بوون لە کوشتن و تالانکردنەوەی گوندەکانیان لە باکوری کوردستان، و بە درێژایی چەندین سەدە کوشتو بڕییەکجار بێ بەزییانەی لێ کردوون. چونکە تورکەکان وایان بیردەکردەووە کە هەبوونی کوردانی موسلمان ئاسنترە بۆ تواندنەوە و بە تورک کردن بەڵام کوردانی ئێزدی ئاینیانوەک بەربەستەک دەبینرە بۆ بە تورک بوون، چونکە دەقە کەڤنارەکانی ئەو ئاینە هەموو بە کوردی کورمانجی بوون، کۆنترین دەقەکانی زارەوی کورمانجی لەلایان ئێزدیەکانەوە نووسراون کە هەردوو کتێبی مەسحەفرەش و جەلوە بەو زاروەیە نووسراووە،ئێزدیەکان باوەڕیان بە گوێزەرانەوەی گیان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر هەیە کە پێ دەڵێن"کراس گۆڕینەوە"،ئێزدیەکان بە سەر دوو چینی جیادا دابەش دەبن، چینی موریدەکان و چینی پیاوانی ئایینی، چینی ئایینی بریتینە لە شێخ و پیرەکان. پیرەکان کۆنترن لە شیخەکان، لە کۆندا پیرەکان دەسەڵاتیرەهایی ئاینیان بە دەست بوو، پیرەکانی ئایینی ئێزدی هەمان سیفەتی پیرەکانی ئایینی عەلوی و زەردەشتی و یارسانیان هەبوو، بۆ بەڕێوبردنی ئارکی دینیەکان، بەڵام پاش هاتنی ئایینە ئەبراهیمیەکان، چینی شێخەکان لە لایان دروست دەکرێت، و دەسەڵاتی ئایینی دەگرنە دەست، هەرچەن تاکۆ ئیستاش پیرەکان ماون بەڵام دەسەڵاتیان وەک شێخەکان بە هێز نیە.

ئێزدیەکان بێجگە لە سەردەمی کۆندا لەسەردەمی نۆێشیدا چەندین کەسایەتی ناوبەنگیان هەبووە، بۆنموونەیەکەمین جار ڕۆمانی کوردی لەلایان ئێزدیەکانی سوڤیەتەوە دەنووسرێت. ،وەکووعەرەبێ شەمۆ، قەناتێ کورد،دەرویشی عبدی.

ئیزەدیەکان سەدان ساڵە لە گوندەکان و لە تەنیاییدا ژیاون.هاوسێی موسڵمان و مەسیحیەکانن.کە ئەوان پێیان دەڵێن شەیتان پەرست.لە ڕوانگەی دیرۆکناسان شەیتان پەرستن بەرچەسپێکە ئایینەکانی دیکەی نوێی ئەیدەنە ئایینەکانی کۆن و ئەو باوڕەی کە خوداکان ئەوان بە شەیتان و سەرچاوەی شەڕەوشوڕلە قەڵەم ئەدەن.لە باوڕی ئیزەدییەکان شەیتان دوژمنی سەرەکی مرۆڤایەتی نیە،بەڵکو نزکترین فریشتەیە لە خودا و یەکەمین ئافەریدەری خودایە کە ناوی مەلەکە تاوسە.

ئیزەدییەکان لە سەرئەو باوڕەن کە مێژویی ئایینی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی مرۆڤ.ئیزەدییەکان لە ڕەگەزی ئادەمن نە لە ڕەگەزی حەوا.لە حاڵێکدا لە باوەڕی ئایینەکانی ئیبراهیمیدا بنەڕەتی مرۆڤ ژیانی هاوبەشی ئادەم و حەوایە.ئەوان خۆیان لە ڕچەی کوڕێک لە تۆوی ئادەم دائەنن کە پاشان لەگەڵ حورییە ژیانی پێک هێناوە.بیر و باوڕی ئیزەدییەکان خوا (ئیزەدان )گەورەیەکەی لە نووسینداەرناکەوێت ولە سەری وێنە و شێوەیە، .سیفەتەکانی کۆنن وەکوو زاتی خۆی هیچ شتێک لەسەر وێنەی ئەو نییە، وە لەهیچ



گۆڤاری ئیلێکترۆنی ئەنجوومەنی ئەدەبیی بانە



شتێک ناچێت.چۆن خودایە ،خودای مرۆڤە.مەلیک تاووس مەلیکی هەموو فریشتەکانە.مەلیک تاووس بریتییە لە عەزرائیلیان بە عەرەبی عزراییل،کە حوکمی هەمووی زەوی دەکات بەیارمەتی و هاوکاری حەوت فریشتەی دیکە .ئە و حەوت فریشتە لە ژێرئەمری خودای گەورەدان.

سەرەڕای ئەوەی کە لە باوڕی ئێزەدییەکاندا ئایینەکەیان کۆنە بەڵام دیرۆکناسان ئایینی ئەوان لە ژمارەی ڕێژەی قەومیَ دەستەدەکەن کە دوای ئیسلام بۆ زیندووکردنەوەی دابونەریتی ڕابردوویان و بۆ پاراستنی ناسنامەی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست بە ئەژمار تێرن.

عەلەویەکان ،ئەهلی حەق،.. .. .هەموویان لە ناوچەی کوردنشینی ئێران،عێراق ، تورکیە و سووریە و دراوسێکانیان دەژین.خاڵی هاوبەشیان زۆرە و لەگەڵ سۆفی و مۆسڵمانەکانێش نزیکن.هەرچەن هەواداری تورک و عەرەبیشان هەیە.

وادەگوترێ کە ناو وئایین ئێزەدی بنەڕەتی لە دەستەواژەی فارسی "ایزد"ە،نیشانەی پەرەستنی خۆر و ئاگر ،دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئێزەدییەکان خۆرپەرەست بوون.لە لایەکی دیکەوە ئێزەدییەکان وەکوو موسڵمانن ورۆژانە پێنج جار نوێژدەکەن بە شێوەی خۆیان.لە چوارجار نوێژدا خۆر بە ڕووگەی خۆیان هەڵدەبژێرن لە نیوەڕۆدا کڵگۆی شێخ ئادی .شێخ ئادی کوڕی مەسافیرلە وڵاتی لوبنان لە دایکبووە.بەباوڕی ئێزەدییەکان مەلیک تاووس لە لەشی ئەودا حلوولی کردووە، سۆفییەکی عەرەبی سەدەی شەشی کۆچیە .کە بە باوڕی دیرۆکناسان لە بونیادنەرانی ئایینی ئێزەدییە .کڵگۆی شێخ ئادی لە گوندی لالەشە لە ٣٦کیلۆمتری شاری موسڵ لە باکووری عێراق کە ڕووگەی ئێزەدییەکانە .هەر ئێزەدییەک ساڵی جارێک دەچێتە زیارەتی لالەش.کاتێک کە دەچیتە بەردەم دەرگای لالەش،ئەو شتە وا سەرنج ڕادەکێشت ڕەشمارێکە بە تەنێشت دەرگاکەوە کە وەک سیمبولێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وە ئەوانە وا سەردانی لالەش دەکەن ماچی ئەو مارە دەکەن.بەڵام ئەو مارە تەنیا لە لالەش نابینرێت ،بەڵکو لە زۆربەی نزرگە و شوێنە پیرۆزە ئێزەدییەکان دەبینرێت.

**"با ئێمەی کورد بە شەهامەتەوە و بەدوور لە دەمارگرژی ئایینیانرێبازی ئایینی، دان بە ئایینی بوونی ئەو ئاینانەدا بنێین و بە کەمیان نەزانین. دەبا سەرەڕای پاراستن و ڕێزگرتن لە پێڕەوانی دینی و ڕێبازە دینیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، پێکەوە بە تەبایی لەسەر خاکی باب و دایەکانمان بێ کێشە بژین. ئەو کەس و کەسان و لایەنانەی دەیانەوێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن، سیاسەتەکانیان بکەین بلقی سەر ئاو."**

**سەرچاوەکان :**

- کتێبی :عدی بن مسافر...ئەمیرمەحەمەدی سەراب
- نووسینەکانی هێرش قادری



**سنە. ئێقباڵ بەرقی**

ئە وەندەت دڵ شکاندووم ئەی پەری چێهری ستەمکارم
لە هاوارم زوبان لاڵەو قسەم نایێتە سەر زارم

ئە گەر چی ماتم و ناڵەم هەتەر ناکاتە سەر لێوم
لەحاڵم تێدەگەن خەڵکی کە زەردە ڕەنگی ڕوخسارم

لەلایێ دەرد و زامی دڵ لەلایێ نیشتمانی چۆڵ
بەدووقۆڵی لە ڕیشە دەردەهێنن هەست و ئاسارم

وەکوودارێ لەپڕباری سەری خۆی ناوەتە باوەش
لەئامێزت کە دەگرم تۆئەڵێی باری ئەڵێی دارم

گوناه وسووچ وتاوانم بە تەنیا خۆشەویستی بوو
کە ئاوا دەس وەن وپاوەن لەبەردەم مەحکەمەی شارم

بە ئیقراری تەبێعەت خۆشەویستی حوکمی یەزدانە
دە حاکم بۆ بە ئەشکەنجە لە دەم بستێنی ئیقرارم

هەتاکوو ڕۆژی مەرگم سەر دەنێمە گۆڕ بەعەشقی تۆ
وەفادارم بە کردار و بە پندار و بە گوفتارم



**پیرانشار. م.ر.شاسوار**

گرمەی تریشقەی هەوری ژێر خاک
لەم وەرزە سپییە
وەڕەزم!
ژیانم لە چاوی گۆڕا بینی
بەهار!
خەفەتخانەی سەوزت
سەر گۆی مەمکی دانواند.
لە هەر لاوە کانیاوی مەرگ
بە سەرما بچۆڕێنە
بمشۆرەوە
سینگی شەقی بەفری سووری
ئەم وەرزە سپییە دامناپۆشێ
لە ناو دڵت
بمشارەوە...



سەقز. ژاکاو کەسنەزانی

من و شێعر و مەلایی سێ هەواڵین
لە دەس دێوی خەفەت هەر سێ دەناڵین
بە دەس زریانی ساردی دەم کەلی ژین
وەکوو پووش و پڵاشین و گەڕاڵین

هەوێنی شێعر و بەستەی تا بە بێژە
بکوژ جووتێکی چاوی سوورمە ڕێژە
تریفەی ڕوومەتت هەڵهات وەکو مانگ
هەسێرەی خاڵ لە دەوری مات و گێژە

بە بەژنت شۆخ و شیرین وجوانی
گەلێ تەڕ دەست و ناز و مێهرەبانی
سەرنجم گەر دەبڕمە گفتی زارت
ئەڵێی حۆری هەرێمی کەس نەزانی



## شارەکەم بۆکان

بۆکان. سەیزادە خاقان(پۆڵا)

هێندە ڕۆحم بەرفراوانە کە دێمە شارەکەم
من بە فیدای تۆزی ڕێتم خاکی زێد و یارەکەم
گەنجەکانم کاتێ هەستان قامەتێ بەر پا دەکەن
تاکوو قیامەت هەر بمێنی شاری نوری و سوارەکەم
پڕ ئەدیب و پڕ نەجیب و بێنەزیر و جەننەتی
دەردی بێدەرمان گرم، هەر سەیری تۆیە چارەکەم
هەر وەکوو خۆر پڕ فروغی پڕ لە تیشکی بێ تەمی
من بە تیشکی تۆیە،نامۆ و دوژمنی پێ تارەکەم
من شەو و خەو لا دەبەم بۆ سەیری بووکی نیشتمان
هەر وەکوو پۆلام و شەرتە بۆ ئاوەدانیت کار دەکەم



بانە . هەتاو

هەموو وەرزەکان تێپەڕین
تۆ نەهاتی
شتێک بڵێ دڵنیا بم
تا کەی چاوەڕێ و تەنیا بم؟

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانە. شەوە شێعری "خۆزگەکانی خەزەڵوەر" ساڵی ١٣٩١ ی هەتاوی



شنۆ.دیمانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبی" چریکەکانی خامۆش"ی

ک.د.ئازاد ساڵی ١٣٩٤ ی هەتاوی